




## فایلی تایبەت بە «وەفا»

- یادی وەفا، شاعیری ناسکخەیاڵی موکریان
- ڕوانینێکی سەرپێیی بە ژیان و شیعری «وەفا»دا
- کۆچی شاعیری سروودی پەڕەسێلکە
- هەوری سەران لەسەر سەری کردم کڕێوەپێچ
- با بە نەریتی «وەفا» وەفادار بین
- «وەفا» لەم وڵاتە کۆچی کرد
- شیعرە فارسییەکانی وەفا
- پێم خۆشە خەمت بمێنێ
- بۆ مامۆستام «وەفا»



تەنیا وشەیەک

گوتبوت : نامەوێ ناوی چەنگیز بزانم

ئەم دەوێت ناوی نادر بزانم

ناوی ئەحمەدی خواجە و تەیمور

ناوی ئەو تاوانبارانە

ناوی ئەو خوێن مژانە

ئەمیش نامەوێ ناوی هیتلێر بزانم

ئەم دەوێت ناوی مۆسۆلینی بزانم

ناوی ستالین و سەدام

ئەو جەللادانە

ئەو دڕندانە

کە :

لە قوڵایی دڵەوە

لەوان و

لەوانەی لەوان دەچن بێزارم

بۆ بەڕێز ئەحمەدی شاملو کاروانسالاری شیعری نوێی فارسی

گوتبوت : دەمەوێت ناوی گیایەک

فێربم

بەڵام فێر نەبوم

ئێستێش دەردەکەم

لە دەردی تۆ دەچێ گەورەم

منیش لە مێژ ساڵە

لە وشەیەک دەگەڕێم

تەنیا : وشەیەک

بەڵام نای بینمەوە

عومەر سولتانی وەفا

شیعرێکی «وەفا» بە دەستوخەتی خۆی بۆ ئەحمەدی شاملو

# یادی «وەفا»، شاعیری ناسکخەیاڵی موکریان بە خێر بێت!

**فایلی تایبەت ـ مەڵبەند**



بە بۆنەی کۆچی دوایی عومەر سوڵتانی (وەفا) شاعیری پێشڕەوی بۆکانەوە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/١٢/٤، کۆڕێکی ڕێزگرتن و یادەوەری لە هۆڵی کۆلێجی «بیرک بەک»ی زانستگەی لەندەن بەسترا، کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردانی لەندەن تێیدا بەشدارییان کرد.
کۆڕەکە لەلایەن ڕێکخراوە کوردییەکانی لەندەن [مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، بنکەی پەنابەرانی کورد (کیا)، کۆمەڵگای کوردی ڕۆژئاوای لەندەن و دەسگای خانووبەرەی کوردی] و بە هاوکاریی بنەماڵەی شاعیری کۆچکردوو بەڕێوەچوو.
بەرنامە، بە فلووتی هونەرمەند ئازاد سەعد دەستی پێکرد کە سێ پارچە مۆسیقای «یوهان ستێپان باخ»ی پێشکەش کرد، ئەمجا مێدیا زەهاوی هاوڕێ لەگەڵ چرکەیەک بێدەنگی بۆ یادی شاعیری نەمر، بەرنامەی کۆڕەکەی بە کوردی و فارسی ڕاگەیاند و سەربەست کەرکووکی پەیامی ڕێکخراوە کوردییەکانی پێشکەش کرد.
پاشان، ئەنوەر سوڵتانی ـ برای شاعیر ـ پارچەشیعرێکی "وەفا"ی خوێندەوە و هونەرمەندی کورد حەسەنی دەرزی شیعرێکی دیکەی شاعیری بە گۆرانی وت.
بەشی دووەمی بەرنامەکان بریتی بوو لە خوێندنەوەی چەند وتار لە لایەن سەعید شەمس، توێژێنەر و کەسایەتیی سیاسیی کورد و سێ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی وەفا: نەشمیل سوڵتانی، شەهناز پایەندە ئازاد و ئەنوەر سوڵتانی، هەروەها پەیامی دوکتۆر محەمەد ڕەزا شەفیعی کەدکەنی ـ شاعیر و ڕەخنەنووسی ناوداری ئێرانی بە بۆنەی کۆچی دوایی وەفاوە خوێندرایەوە.
لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەدا، سەرەتا هونەرمەندی ناوداری کورد تارا جاف، گۆرانییەک و پارچەیەک مۆسیقای بە هارپ پێشکەش کرد، ئەمجا بەرنامەیەکی هاوبەش لە لایەن هونەرمەندان حەسەن دەرزی و ئاریا ئەسعەدەوە ئاراستە کرا، کە تێیدا فەرەیدوونی مەعرووفی شیعرەکانی وەفای دەخوێندەوە و هونەرمەند حەسەن دەرزی بە گۆرانی دەیگوتنەوە و هونەرمەندی دەفژەن ئاریا هاوڕێیی دەکردن.
ئەوە شێوازێکی نوێی یادکردنەوەی کەسایەتییەکی هونەری و ئەدەبی کورد بوو، کە پێشتر بۆ یادی نووسەری کوردپەروەری ئێرلەندی «ماریا ئۆشی»ش ڕەچاو کرابوو. لەم چەشنە کۆڕی بیرەوەریدا ـ بە پێچەوانەی ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی و پرسە، ڕێز لە ژیانی کەسەکە دەگیرێت نەک مردنی. ژیان و خەباتی نوێخوازانەی وەفا پێویستی بە یادکردنەوەیەکی تازەگەرانەش هەبوو، کۆڕەکە بەو ڕوانگەیەوە ڕێکخرا و بە هەمان شێوەش بەڕێوەبرا.
بەو ئومێدەی ئەم شێوە یادکردنەوانە بۆ هونەرمەندان و خەڵکانی خاوەن بەهرە ببێتە باو و بنەماڵە و هەروەها ڕێکخراوە کوردییەکان لە یادی خزمەتگوزرانی نەمری گەلەکەماندا لەجیاتی دۆشدامان و ئازیەتباری، ژیان و لایەنی سەرکەتووی ئەرک و خەباتی کەسەکە بخەنە بەرچاو، بە کورتی ڕیز لە ژیانی بگرن نەک لە مردنەکەی.
ئێمە لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد ـ لەندەن، جگە لە بەشداریکردنی کۆڕی ڕێزگرتنی ژیانی شاعیری بەوەفای نەتەوەکەمان عومەری سوڵتانی (وەفا)، بەشێک لە لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری "مەڵبەند"یش تەرخانی یادکردنەوەی ئەو شاعیرە هەستیارەی موکریان دەکەین و چەند وتاری پێشکەش کراو لە کۆڕەکە، لەگەڵ شیعر و وتاری ئەدیب و نووسەرانی موکریان و ناسیاوانی وەفا و چەند پارچەشیعر و وێنەی شاعیر بڵاو دەکەینەوە.
لە کۆتاییدا بە بۆنەی کۆستی لە دەستچوونی شاعیر، نووسەر و خۆشنووسی کوردی موکریان ـ عومەری سوڵتانی «وەفا»وە سەرەخۆشی لە گەلی کورد، خەڵکی شاری بۆکان و بنەماڵەی شاعیری کۆچکردوو دەکەین.
یادی بە خێر بێت!

# ڕوانینێکی سەرپێیی بە ژیان و شیعری «وەفا»دا


ئەنوەر سوڵتانی

هەواری چۆڵ
هاواری بێدەنگ
هەڵەمووتی کڕ
شێری نێو لان
شیری زیندانی کالان

هۆ کاکە گیان!
ناتناسمەوە
تۆ کێی؟
لە کوێی؟
لە بیبیلەی چاومدای و نامبینی
لە پەردەی گوێمدای و نامدوێنی
لە ناخی دڵی تاسەبارمدای و
هەرواش دەمێنی

هۆ کاکە گیان!
ژیان بۆ زۆرێکمان تاڵە
بۆ هەندێک دەوری بەتاڵە
زۆرێک هەن بلْقی سەر ئاون
هەندێک هەر قاڵب و ناون
هەندێکیش تیشکی هەتاون
هۆ تیشکی هەتاو!
بڕێوە ناو چاوی بەر شەوارە کەوتم

نووسین سەبارەت بە برا ـ ئەویش کەسێ کە لە ماوەی ٦٠ ساڵی پێکەوەژیاندا بۆ تاقەجارێکیش ڕووی لێ گرژ نەکردبێتی، دەبێت چۆن بێت؟ ئەستەم، ئەستەم، ئەستەم! هەربۆیەش من نامەوێت لێرەدا بچمە سۆراغی ژیانی تاکەکەسی و بنەماڵەیی کاکم ـ ئەم ئەرکە بۆ سەردەمێک هەڵدەگرم کە ئەگەر دەرەتانێک بۆ ژیانی بێ ئەوم هەبوو، و ئەو کەسەرە نەفسی بۆ هێشتم، نوێخوازی، تازەگەری، ئەرک و خەبات و کاری داهێنەرانەی بکەمە هەویری بابەتێک و لەگەڵ کۆمەڵی شیعرە کوردییەکانیدا بڵاوی بکەمەوە. بۆ ئێرە هەر ئەوەندە بەسە بڵێم: "کاکم بۆ من کاک بوو، باوک بوو، مامۆستاش بوو، ئەو بوو دارەدارەی قەڵەمی پێ کردم، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پێ ناساندم و خستمیە سەر ڕێبازی عەدالەتخوازی و دژایەتیی ستەم."
من بۆ هەمیشە ڕێز لە بیرەوەریی شیرینی دەگرم و نمی بێ ئەوی هەرگێز لە چاوم ناسڕمەوە.



عومەر سوڵتانی «وەفا»

## وەفا و شیعر

ناسیاویی کاکم لەگەڵ شیعر، بە شیعری فارسی دەستی پێکرد. لە یەک دوو ساڵی پێش کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ دژ بە حکوومەتی میللیی دوکتۆر محەممەدی موسەددیقدا، دەرفەتێکی گونجاو بۆ کاری سیاسی خوڵقاندبوو و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک شارەکانی دیکەی ئێران هەوای ئازادی و دیموکراسییان هەڵدەمژی. کاکم ـ عومەر سوڵتانی «وەفا» وەک نوێنەر و فرۆشیاری ڕۆژنامە و گۆڤارە پێشکەوتنخوازەکانی ئەودەمی ئێران لە بۆکان، دوکانەکەی کردبووە مەکۆی هاتوچۆ و کۆبوونەوە و وتووێژی ڕووناکبیرانی شار.
بەوەیدا کە ئەودەم شیعری لاهووتی کرماشانی و محمد عەلی ئەفراشتە و ئەبوتوڕابی جەلی فێری من دەکرد، دەزانم خۆشی ئەویندراری شیعری سیاسی بوو.
سەبارەت بەوەی کە لەو ساڵانەدا شیعری گوتبێت یان نا، زانیارییەکم نییە و دڵنیام بە گیران و خرانەزیندانی دوای کودێتای، ئەگەر شیعرێکیشی بووبێت لەگەڵ کتێب و ڕۆژنامە و یادداشتەکانیدا بوونەتە دەستەچیلەی ئاگری تەندوور و ناویان نەماوە.

یەکەم شیعرێکی کاکم کە مابێت و گەیشتبێتە دەستی ئێمە، شیعرێکی فارسییە بە ناوی «بوفکور» واتە کوندەبوو، کە لە پاییزی ساڵی ١٩٥٦دا لە زیندانی مەهاباد گوتراوە. یەکەم شیعری چاپکراویشی ــ تا ئەو جێیەی من بزانم هی ساڵی ١٩٥٨ە کە لە گۆڤارێکی فارسیی چاپی تاراندا بڵاو کرایەوە و بە شوێنیدا چەند شیعرێکی تر کە لە گۆڤارەکانی «امید ایران»، «تهران مصور»، «ترقی» و «اسیای جوان»دا بڵاو بوونەوە و تەئریخی ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٠یان بەسەرەوەیە.

ئەو شیعرانەی هەمووی فارسی و لەسەر شێوازی نوێ دانراون. شیعری کوردی گوتن لەو ساڵانەدا، کە بەتایبەت لە کوردستان کەڵ بە موویەک بەندبوو، شتێکی کەمتر گونجاو بوو و شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێ یا چوار ساڵ دواتر لە دەرەوەی کوردستان و لەلایەن خوێندکارانی کوردی زانستگەی تارانەوە خوڵقا. عەلی حەسەنیانی، سوارەی ئێلخانیزادە و فاتیح شێخ الاسلامی ــ سێ کوچکەی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر سێکیان لەو سەردەمەدا، خوێندکاری زانستگەی تاران بوون.

تایبەتمەندیی شیعری ئەودەمی وەفا بریتین لە:

ــ فارسی بوون،

ــ نوێخوازی و

ــ زمانی ساکار و بێ گرێ و گۆڵ.

درەنگتر، لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٥٩دا، وەفا ڕووی کردە شیعری کوردی.

هۆکاری ئەم وەرچەرخانە چەند شتێکن:

ــ شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستان کە ژیلەمۆی بە ڕواڵەت دامرکاوی مەسەلەی کوردی هەڵسەنگاندەوە،

ــ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردیی «کوردستان» لە تاران،

ــ دامەزرانی ڕادیۆی کوردی لە تاران و کرماشان و

ــ کارتێکەریی ڕاستەوخۆی سوارەی ئێلخانیزادە و عەلی حەسەنیانی لەسەری.

ناوەرۆکی شیعرە فارسییەکان لە زۆرایەتیی خۆیدا لیریک و ئەوینی شەخسین، بەڵام شیعرە کوردییەکانی سەرەتا لەژێر تەئسیری بارودۆخی سیاسی ــ کۆمەڵایەتیی ئەو ساڵانەی ئێران و بەتایبەت مەسەلەی ریفۆرمی زەویوزار و فەوتانی سیستەمی فیئۆدالی و بێدەستەڵاتکردنی ئاغا و دەرەبەگە زۆردارەکانی بۆکان شێوازێکی سیاسی بە خۆیانەوە دەگرن کە خۆ لەم چەند دیاردەیەدا دەنوێنن:

ــ لایەنگریی چەوساوەکان، بەتایبەت وەرزێران،

ــ دژایەتیی ئاغاوات،

ــ لایەنگیرکردنی شا، وەک بەڕێوەبەری ریفۆرمی زەویوزار و

ــ کوردایەتییەکی تێکەڵاو بە ئێرانچیەتی.

ئەم هەڵوێستە، دوای ساڵی ١٩٦٢ و ٦٣ بە هۆی کاڵبوونەوەی ئەو هیوایەوە کە بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لەناوچوونی چەوسانەوە لە ڕێگەی ریفۆرمە ڕواڵەتییەکانی ڕژێمی شای بەستبوو، تووشی گۆڕانکاری هات.

بێهیوایی بە داهاتوو، کە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی تێکشکانی کۆماری کوردستان لە لایەک و حکوومەتی میللیی دوکتۆر موسەدیق لە لایەکی تر بوو، داوێنی گەلێک هەستیاری ئەودەمی کوردستانیشی گرتبوو. لاپەڕەکانی ئەو ساڵانەی ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی تاران، ئەو چەواشەیی و شەوارەییەی رووناکبیران کورد بەباشی دەردەخەن هەر لە کەڵەشاعیری وەک مامۆستا هێمنەوە هەتا نووسەر و شاعیرە گەنجەکان.

ئەوانەی وا لە دەرەوەی کوردستان دەژیان و بۆن و هەوای نیوەئازادی زانستگەکانی تەورێز و تارانیان هەڵدەمژی، هەڵوێستی ڕادیکالتریان گرتبوو؛ چاوە و سوارە و هاوار و ئازاد لەو کەسانەن کە شیعری ناو ڕۆژنامەی «کوردستان»یشیان ڕەنگدەرەوەی ئەو هەڵوێستە نەترسانە و ڕادیکاڵەیە.

وەفا و زۆرێکی تر لە شاعیرانی ناو کوردستان، کە لەژێر گوشار و چاوەدێریی سیخوڕ و دەستگای جەهەننەمیی ساواکدا بوون، دەبووایە یا لە سیاسەت دوور بکەونەوە یاخود ببنە بولبولێک کە بۆ کوڕی شا بخوێنن. وەفا لە سیاسەت دوور کەوتەوە و ئەم کارەی ئەگەر بەشێک لەژێر گوشاری بارودۆخدا بوو، بەشێکی زیاتری بە هۆی گەوهەرێکەوە بوو کە لە زاتی خۆیدا دەردەکەوت: وەفا لە هەموو ماوەی تەمەنیدا ئەویندار مایەوە. ئەوین هێزی بزوێنەر و هۆکاری داهێنان و بەگشتی، سەرەتا و ئەنجامی ژیانی بوو. ئەوین نە لە ژیانی ڕۆژانەی جیا دەکرایەوە و نە لە شیعر و نووسینەکانی.

ئەگەر جارێک دەیگوت:

**ئاخۆ ڕۆژی بە چاوم ئەی بینم**
**دەرکەوێ بۆ گەلم چرای شادی؟**
**ئاخۆ دوژمن لە خاکەکەم ئەڕوا**
**دێ شنەی بای بەهاری ئازادی؟**
**ئاخۆ شەو شەق ئەبێت و نووری هەتاو**
**لەو پەڵە هەورە سەر دەخاتە دەرێ؟**
**شۆڕەسواری وڵاتی سەربەرزم**
**ئاخۆ لەو لێژە ڕژدە دێتە سەرێ؟**
**بەڵێ پێم وایە بەندی خەم ئەپسێ**
**بەندیخانەی «ئێڤین» ئەبێ وێران**
**دوژمنانم هەموو لە خوێن ئەگلێن**
**دێتەوە هەل بە جارێ بۆ کوردان**

*شیعری «هەل»*

دەیان جار دەینووسی:

**... بێستانێکی نەخشین بوایەی**
**لە سووچێکی پەرژینەکەت**
**دەرگایەکم دەکردەوە،**
**جووتێک شەمامەم لێ دەدزی و**
**هەموو ڕۆژێ دەیان کەڕەت**
**بەدزییەوە بۆنم دەکرد...**

*شیعری «دزی»*

**... بە کام شەراب مەستم دەکەی؟**
**هاڵاوی دەنگ**
**یان گوڵاوی سینگ و بەرۆک؟**
**بە کام شیعر هەستم دەکەی؟**
**نوێ، یان غەزەل؟**
**بە کام زمان دەمدوێنی؟**
**ئیشارەی چاو؟ چپەی ناو گوێ؟**
**کە هەر نەختێک،**
**تەنیا نەختێک،**
**ڕەنگی تۆخی سەرگەردانی و بێ پەناییم**
**کاڵ بێتەوە و**
**تامی تاڵی دەربەدەری**
**لە گەروومدا بشواتەوە...**

*شیعری «سپی دەنگ»*

وەفا بە شنەی بلاوێنی ئەوین ژیا و بەسۆزی ئەوینەوە شیعری گوت و هەر ئەوینیش بوو جەلال و گەورەیی بە شیعرەکەی بەخشی و بوو بە ئیکسیری ژیانی.

ئەو ئەویندارییــە ئەزەلی و ئەبەدییــە، بەڵام هەرگـیــز لە ئەرکی کـۆمــەڵایەتی و بڕوای بە دواڕۆژی ڕوونی چەوســاوەکــان دووری نەخستەوە. کاکم بۆ هەمیشە وەک مرۆڤێکی سۆسیالیست مایەوە و تەنانەت بۆ چرکەیەکیش نەچووە سـەر بڕوای ئایینی. ئەو بڕوایە و ئەم بێبڕواییە ــ هەردوو، لە شیعرەکانیدا خۆ دەنوێنن کە هیوادارم کۆمەڵەی کوردی و فارسیی شیعرەکان لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا بکەونە بەر دەستی خوێنەر.

لە باری فۆرمەوە، زۆربەی هەرە زۆری شیعرە فارسییەکانی چوار کۆپلەی نیمایین، گەرچی شیعری عەروزی و هەروەها شیعری سپیی بێ کێش و سەرواش لەناویاندا کەم نین. زمانی شیعرە فارسییەکان لەوپەڕی پاراویدایە و وا هەیە کەوتبێتە پێش گەلێک شاعیری فارسیزمان. دوکتۆر شەفیعی کەدکەنی شاعیر و ڕەخنەنووسی هەرە ناوداری ئەمڕۆی ئێران، سەبارەت بە «زمان»ی شیعرەکانی وەفا دەڵێت: "وەفا شاعیرێکی بەتوانای ئەمڕۆیە و وەک شاعیرێکی غەیرەفارس لە بەستێنی شیعری نوێی فارسیدا بەباشی دەرەوشاوەتەوە."(١)

فۆرمی شیعرەکوردییەکانیش سەرەتا چوارکۆپلەیی و ئاوێنەیەکی شیعرە فارسییەکانی بوون، بەڵام لێرەشدا شیعری بێ کێش و سەروا کەم نین و بە هەمان شێوە شیعری عەروزیش، بەڵام هەندێ جار کێشی بڕگەیی فۆلکلۆریی کوردیشیان لێ زیاد دەبێت:

**بۆ پێشەوە جووت بەندە!**
**دنیا بە تۆوە بەندە...**
**بەڵێ جووتیاری ئازا!**
**برای نەبەزی وریا...**
**ئەوەی دوژمن بوو پێتان**
**دونیای تاڵ کردبوو لێتان،**
**وا کولاوە برینی**
**کوژاوە ئاگری ژینی**

*شیعری «مزگێنی»*

بەڵام وا هەیە بتوانم بڵێم سەرکەوتووترین بەشی شیعرەکوردییەکانی وەفا چوارینەکانین. ژمارەی ئەو چوارینانە دەیان و وا هەیە سەدان بن، کە هەر هەموویان ناوەڕۆکی عاشقانەیان هەیە:

**بە بۆنەی تۆوە هاتوومە ئێرە**
**دەنا چاوم لەمێژە لێرە تێرە**
**وەرە ئەی شاسواری شاری جوانی**
**بە تاقەماچێ میوانم کە، خێرە**

**پەپوولەی شەو وەکو قەقنەس دەسووتێ**
**گوڵە فرمێسکە هەر دێ و خۆش دەکا جێ**
**چ خۆش دەکرێتەوە قفڵی دڵی من**
**بە چاوپێکەوتنی کیژانی لادێ!**

**گوتی پردێکی هەڵبەستین و بەستم**
**گوتی مەمکۆڵەکانم بمژە، گەستم**
**لە لێوی ناسی ماچێکی دامێ**
**دەیان ساڵە بە ئەو یەک ماچە، مەستم**

ئەم ڕوانینە سەرپێییە بۆ ناسیاوکردنێکی ساکاری خوێنەر لەگەڵ شیعر و ژیانی وەفا ئامادە کراوە و نابێت وەک هەڵسەنگاندنی جیددی کارەکانی سەیر بکرێت. هیوادارم ئەم کارە دواتر و لە کاتی بڵاوکردنەوەی «چەپکێک گوڵ» ــ سەرجەمی شیعرەکانی کاکمدا، بەڕێوەبەرم.

لێرەدا بۆ ئەوەی شارەزاییەکی زیاترم لە ژیانی وەفا بە دەستەوە دابێت، کرۆنۆلۆژیایەک دەکەمە پاشبەندی ئەم وتارە و کۆتایی بە قسەکانم دێنم. یادی وەفا بە خێر بێت!

## کرۆنۆلۆجیای ژیانی عومەر سوڵتانی «وەفا»

١٩٣٩ (١٣١٨ی هەتاوی) هاتنە جیهان لە بۆکان.

١٩٤٥ (١٣٢٤) سەردەمی کۆماری کوردستان دەچێتە قوتابخانە.

١٩٥١ (١٣٣٠) بە هۆی تەنگژەی ناسنامەوە مۆڵەتی خوێندنی ناوەندی پێ نادرێت و قوتابخانە بە جێ دەهێڵێت.

١٩٥٢ (١٣٣١) دوکانی خەڕڕازی (جەمالیات) دادەنێت، سەر ناکەوێت.

١٩٥٣ (١٣٣٢) یەکەم دوکانی سەربەخۆی ڕۆژنامەفرۆشی لە بۆکان دادەنێت. دوابەدوای کودێتای ٢٨ی گەلاوێژە دژ بە حکوومەتی میللی دوکتۆر مصدق دەگیرێت و لە مەهاباد زیندانی دەکرێت.

١٩٥٣ (١٣٣٢) یەکەم شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت، بەڵام بە فارسی.

١٩٥٣ (١٣٣٢) بە هۆی کێشەی تەمەنی کەمەوە بە مەرج لە زیندان ئازاد دەکرێت و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەژێر لێپرسینەوەی دادگای نیزامیدا دەمێنێتەوە.

١٩٥٤ (١٣٣٣) دوکانی شیرینیات و بەستەنی و پالوودە دەکاتەوە و بۆ یەکەم جار پیپسی کۆلا دێنێتە بۆکان.

١٩٥٧ (١٣٣٦) یەکەم دوکانی سەربەخۆی کتێبفرۆشی بۆکان دەکاتەوە.

١٩٥٨ تا ١٩٦٣ (١٣٣٧ تا ١٣٤٢) شیعرە فارسییەکانی لە گۆڤارەکانی چاپی تاران (امید ایران، تهران مصور، ترقی اسیای جوان و...)دا بڵاو دەبنەوە.

١٩٦٠ (١٣٣٩) سەربازی لە مەهاباد.

١٩٦٠ (١٣٣٩) بەرپرسیارێتیی بەشی ئەدەبی لە ڕادیۆی سوپایی مەهابادی پێ دەدرێت.

١٩٦٢ (١٣٤١) گەڕانەوە بۆ بۆکان و چوونەوە سەر کاری کتێب و ڕۆژنامەفرۆشی.

١٩٦٢ (١٣٤١) هاوسەری ژیان دەگرێت.

١٩٦٢ (١٣٤١) کۆمەڵەشیعرە فارسییەکانی بە ناوی «سرود پرستو» (سروودی پەڕەسێلکە) لە تاران بڵاو دەبێتەوە.

١٩٦٣ (١٣٤٢) لە کێبەرکێی شیعریی ڕادیۆی فارسی دیهلدا پلەی یەکەم دێنێتەوە و ٥ بەرگ کتێبی ئیمزاکراوی جەواهیر لەعل نەهرۆی لە ڕێوڕەسمێکی باڵوێزخانەی هیندستان لە تاران لەلایەن دوکتۆر سەدیق ئەعلەم وەزیری فەرهەنگی ئێرانەوە خەڵات دەکرێت.

١٩٦٣ (١٣٤٢) دەبێتە باوکی یەکەم منداڵی.

١٩٦٤ تا ١٩٧٩ (١٣٤٣ تا ١٣٥٨) لە دوکانی کەسەرەی ماڵدا بۆ یەکەم جار «بیمە» (زامن)ی ماڵ و دوکان لە بۆکان دەکاتە داب، بۆ یەکەم جار دەستگای فۆتۆکۆپی و تەلەفیزیۆن و گەلێک کەرەسەی تر دێنێتە بۆکان.

١٩٨٠ (١٣٥٩) بە ماڵەوە دەچێتە شاری ورمێ و لەوێ دوکانی بوتیک دەکاتەوە.

١٩٨١ (١٣٦٠) ماڵی دەچێتە شاری کەرەج (گەوهەردەشت) و لە تاران دوکان دەکاتەوە.

١٩٨٢ (١٣٦١) ماڵی دەچێتە تاران و خەریکی کاروکاسبیی جیاجیا دەبێت.

١٩٩٥ (١٣٧٤) بە ٦ منداڵەوە لەگەڵ هاوسەریدا دەگەڕێنەوە بۆکان.

١٩٩٦ (١٣٧٥) بۆ یەکەم جار دوکانی پیزە (پیتزافرۆشی) لە بۆکان دەکاتەوە و خواردەمەنیی کوردییش دەفرۆشێت.

٢٠٠٤ (١٣٨٣) لە تاران عەمەلیاتی دڵی دەکەن و تووشی ناڕەحەتی دێت.

٢٠٠٥ (١٣٨٤) بۆ جاری دووەم تووشی سەکتەی مێشک (جەڵتە) دێت و لە جێگەدا دەکەوێت.

٢٠٠٥/١١/٢٢ (١٣٨٤/٩/١) لە ماڵی خۆی لە بۆکان ماڵئاوایی لە جیهان دەکات و لەوێ دەنێژرێت.

# کۆچی شاعیری سروودی پەڕەسێلکە


هەردەم کە تیشکی نیگام دەکەوتە سەر ڕوخسارە ڕەزاسووکەکەی پەڕەسێلکەیەکی، بزەیەکم چاو پێدەکەوت کە بەسەر لێوەکانییەوە هێلانەی کردبوو. پەڕەسێلکەکان بە زستان کۆچ دەکەن و لە سەرەبەهارێکی زوودا دەگەڕێنەوە. بەڵام پەڕەسێلکەی بزەی سەر لێوی وەفا کۆچەر نەبوو، هێلانەی لە زەنوێرێکی پڕ لە شیعر و چریکە و تریفەدا دانابوو، دڵی نەدەهات بە جێی بهێڵێت. ئەو بزەیە زۆر بەئاسانی دەبوو بە خەندە و بۆ تەشقی قاقایەکی پڕ لە شادیش باڵی دەکێشا.

من وەفام بەو ڕوخسارە نازدارە مرۆڤانەیەوە ناسی. یەکەمجار لە ساڵی ۱۳۳۸ی هەتاویدا کە دەبێتە ۱۹۵۹ی زایین. پاش دەوامی ئیداری لە کتێبخانە چکۆلەکەیدا لە شەقامی سەرەکیی بۆکان لە نزیک حەوزەگەورە چاوم پێی کەوت. ئەودەم بۆکان شارەدێیەکی گەورە بوو بە دەوری قەڵاوە. قەڵای سەرداری بۆکان بەسەر حەوزەکە و شارەکە و دەشت و چیاکانی دەوروبەریدا دەڕوانی و خشت بە خشتی و لە درزی هەر دیوارێکەوە بە قەولی سوارەی نەمر:

**دەڵێی بورجی خاپووری مێژووی لەمێژین**
**لە درزی هەزار خشتی ڕۆژ و شەوانی**
**دڵۆپەی چپەی پۆلی پەریانی دادا**

ئەودەم قەڵا زۆر لە ئێستا قەڵاتر بوو. ئەمڕۆ کەوتۆتە گەمارۆی خانووبەرە و ساختومانی کۆنکرێت و پۆلا کە پێکەنینیان بە سستی و هەڵوەرینی کاگڵی سەر دیوارەکانی و داڕووخانی پایە و بناغەکانی دێت. خۆ خەڵکەکەش ئەوانە نین کە ئەودەم دەمدیتن، حەوزەکەش کە "لەبەر خۆرەتاوا وەکو سینگی ژین دەهاژێ" وەک کیژە جوانەکانی ئەم هەرێمە مەقنەعەی ئاسنینی بەسەردا کێشراوە و ئیتر هەیهات کوان گۆزەبەشانە لەبار و نازدارەکان کە بەبەر دەرکی دوکانی وەفادا تێپەڕ بن و بە حیلک و هۆڕ و چاوەبڕکێ گۆزەکانیان لە ئاو پڕ بکەن و ساتێک ڕاوەستن و دڵان بە تاڵان بەرنەوە ماڵان.

ئەو سێ چوار ساڵەی لەو بۆکانەی باسم کرد، جیرانەتی و خۆشەویستی و چێژی شیعر و ڕەزاخۆشیی وەفا هۆی حەسانەوە و خۆشڕابواردنم بوون. کاتە خۆشەکان وەک برووسکە تیژ تێدەپەڕن. وا بوو من گەڕامەوە مەهاباد و لەوێوە سەری پڕشۆڕ ڕەتاندمی بۆ زیندانی قزلقەلعە و قەسری تاران و پاش چوار ساڵ لەو دۆزەخانە هاتمە دەرەوە و لە تاران مامەوە. لە وەفا بێ



**ئەحمەد قازی ـــ مەهاباد**

خەبەر بووم کە تەنیا دیوانەشیعرێکی «سروودی پەڕەسێلکە ـ سروود پرستو»م لێ دیبوو. ئەودەم کە پێکەوە بووین شیعرەفارسییەکانی بۆ دەخوێندمەوە و تاک و تەراش شیعری کوردی. ناسکترین زبان بۆ ناسکترین و خەیاڵبزوێنترین بابەتەکانی دەروونی شاعیرێکی بەسۆز دە کار هاتبوون، ڕۆمانتیک بە تەواوی مەعنا. دیوانی «سرود پرستو» دەگەڵ هەموو کتێبخانەکەم لەلایەن ساواکی شای ئێران بە تاڵان چوو. تەنیا ئەو دوو شیعرەم لە بیر ماوە، لەبەر جوانیی بەیان و ناسکیی ڕێکەوەند و واژە و بەرزیی ناوەڕۆک بەم نووسینە تەمەنێکی درێژی پێ دەدەم.

**عزیز من نمی خواهی بدانی**
**که پل ها در قفای ما شکسته**
**رهی گر هست پیش روست زیرا**
**ره برگشت ما دیریست بسته**
**[عەزیزی من! مەگەر نابێ بزانی،**
**کە پردی پشتی سەرمان پاک شکاون**
**ئەگەر ڕێگە هەبێت، ڕێی پێشوەچوونە،**
**لە مێژە ڕێی بەرودوا بەستراون]**

دەبینین کە ئەو ڕووناکبیرە چۆن پردەکانی پشت سەرمان دەشکێنێت و ڕێگەی گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوەمان لێ دەبەستێت و تەنیا ڕێگەی چوونەپێشمان بۆ دەهێڵێتەوە!

وەفا بە شیعرەفارسییەکانی لەنێو شاعیرانی فارسیزباندا ناسرابوو. پاش سەرکەوتنی ئینقیلابی ئێران و گەڕانەوە بۆ مەهاباد و پاشان دەست بە کار بوونم لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و بەدەستەوەگرتنی بەرپرسی و سەرنووسەری گۆواری «سروە» لە ورمێ، ڕۆژێکی کتوپڕ لێم وە ژوو کەوت. پاش ۲۳ ساڵ ئامێزێکی دیکە پێکی گەیاندینەوە. هەمان عومەر، هەمان «وەفا»، هەمان ڕەزاسووک، بە هەمان پەڕەسێلکەی بزەوە! هێندێک ورگزلتر لە جاران. پێک شاد و شوکر بووینەوە و یەکەم پرسیارم ئەوە بوو: "دەگەڵ شیعرەکان بە کوێ گەیشتیت؟" وەڵامی دامەوە: "دەستم لێ هەڵنەگرتووە، جاروبار شتێک بۆ دڵی خۆم دەڵێم..." "دەجا بەشمان بدە، گۆوارەکەمان تینووی شیعرە پڕ لە خەیاڵە ناسکەکانتە..." "بە چاوان، با بزانم چۆن دەبێت..."

ئیتر دیسان هاموشۆ، دیسان هەمان هەمان. زۆرجار دەچوومە نێو ڕێستورانەکەی. ئەویش بۆ خۆی هەر شیعرێک بوو، پاک و خاوێنی، تەعامی هەمەجۆرەی جیاواز و تازە. هەموو جارێکیش تا نەهارێک، شامێکی دەرخوارد نەدابایین دەستبەردار نەدەبوو. ئەوجار تاک و تەرا شیعری بۆ دەناردم و لاپەڕەکانی سروەم پێ دەخەملاند. ئەوجار هەموو بە کوردی بوو.

ئەم بیرەوەرییەم بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی نەنووسیوە، چونکە هێشتا بەرهەمەکان سەرجەم لە دیوانێکدا کۆ نەبوونەتەوە تا بە پێداچوونەوەیەکی ورد و نووسینێکی تەسەل، سەیر و سەفەرێک لە دونیای شیعر و بۆچوونەکانیدا بکرێت.

ئەوەندەی من لێرەدا دەتوانم بیڵێم ئەوانەن: وەفا شیعری دەگوت و لە شیعار بێزار بوو، زبانی شیعرەکانی وەک حەریری ناسک زەریف و بریقەدار بوو، جوانترین گوڵواژەکانی زبانی کوردی موکریان کە لە بۆکان و دەوروبەردا لە هەموو شتێک پاراوتر و خەملیوترە، بە هەودای ئاوریشمی خەیاڵی ناسک دەیهۆندەوە، تا لە خەیاڵ لێوڕێژ نەبا، تا ئیلهامی شیعرێک دەروونی نەهەژاندبا شیعری نەدەگوت. بەڕاستی شیعر ئەوی دەگوت. هەر بەو هۆیەشەوە شیعری کەم هەیە، بەڵام هەرچی هەیەتی شیعرە. وەفا بێگومان شاعیرێکی هەردەم ئەویندار بوو، لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەرگۆیەکی× هەیە کە یا ناوی «عەزیز»ی لێ دەنێت یا ناوی ناهێنێت. دەڵێی حەز ناکا ئەو «ونبووە» بە کەسێک

بناسێنێت. شیعری وەفا بە زبانی فاخیر و ناوەرۆکی ناسک و لە باری پێکهاتەی کەلامییەوە دەچێتە خانەی ڕۆمانسییەتێکی نوێ لە زبانی کوردیدا.
ئەوەش نموونەیەک:




## لەپی دەست

شەوی وایە دەیان کەڕەت
خونچەی یادت لە بیرمدا
دەپشکوێ و
لق و پۆپی داری حەزم
گوڵ دەردەکا
ڕۆژی وایە سەدان کەڕەت
پەنجەرەی دڵ دەکەمەوە و
بۆنی دەست و پەنجەت دەدزم
لەپی دەستم هەڵدەکەنم و
هێور هێور
چپە و سرتەی ئەوینی تۆی تێ دەڕژێنم
هەندێ جاریش تووڕەت دەکەم
لە خۆمەوە لە لام وایە
کاتێ نەختێ تووڕە دەبی،
پشکۆی گۆنات گەشتر دەبێ و
لە جارانیش جوانتر دەبی
چاوم پڕە لە مۆمی یاد
دەستم پڕە
لە ڕەشبەڵەک

ئاخرین جار کە چاوم پێی کەوتەوە پەڕەسێلکەی بزەی سەر لێوەکانی کۆچی نەکردبوو، بەڵام دە هێلانە دارووخاوەکەیدا پەلەقاژەی مەرگی بوو. بەڵێ خاوەنی «سروودی پەڕەسێلکە» و بەرگۆی هەموو شیعرەکان، خەریکی کۆچێکی بێ گەڕانەوە بوو. مەخابن! دونیا لەگەڵ «وەفا» بێوەفا بوو، بێوادە کۆچی پێکرد و دیسان کۆستکەوتوو بووینەوە.

سەرەتای زستانی ١٣٨٤ ـ مەهاباد

× بەرگۆ: مخاطب



نەشمیل عومەر سوڵتانی «وەفا» لە کۆڕی یادەوەریی «وەفا»دا


ئاریا ئەسعەد، حەسەن دەرزی و فەرەیدونی مەعرووفی



شەهناز پایەندە ئازاد (فۆتۆ: ئەکی بابەمیری)

هەوری سەران لەسەر سەری کردم کڕێوەپێچ ــ بەرزی سەری بەفرگرە مەڕوانە سەرسەری
نەمدی سەری لە ئەرزی نەدابێ خولی زەمان ــ تێدا بێ هەر سەرێ سەروسەودای سەروەری
«حەقیقی»


زەنگی تەلەفۆن ڕایتڵەکاندم، دۆستی ئازیز و خۆشەویستم کاک ڕەحمانی محەمەدیان بوو، ئەو بوو بەڵام خۆی نەبوو، دەنگێکی مات، کز، کەساد و بێدەرەتان، بێئامان، دەستەوستان و بێسامان، دەنگی ئارام ئارام دەلەرزی، وەک باری گرانی غەم بەیەکجاری کۆڵی پێدا دابێ و بەژنی چەماوەی پشتی خەم کردبێ. وەک خاوەنی خەسارێکی بێ گەڕانەوە، هێندی خاڵێکی چووک جێگای دڵدانەوەی هەرگیز نەمابێ. دەنگ نەبوو، غەم بوو، خەم بوو، ئاهەنگی دووری تەرسەدەهۆڵ، لە قووڵایی شۆرەکاتێکی بێ گژ و گۆڵ ڕا، هەواڵی مەرگ و نەمانی لێدەباری.

هەواڵی لەنەکاوی مەرگی برادەرێکی خۆشەویست ئاخ چەند ناخۆشە، سەدان بیرەوەری، سەدان گاڵتە و قسەی خۆش، دە بڕوامدا ناگونجێ! جودایی سەختە. دووری لە وەفا بۆ هەمیشە، بۆ هەتاهەتایە غەدرێکی گەورەیە لە من. لێکهەڵبڕانێکی بەسامە و ماڵاواییەکی دڵتەزێن و گورچووبڕ.

دەگەڵ کاک ڕەحمان قەرارمان دانا، هاتە شوێنم و چووینە گۆڕستانی گەورەی شار. لە پەنا گڵکۆی مامۆستا حەقیقی جێگامان بۆ دۆزیەوە، جێگاکە جۆش بوو، قەبر هەڵقەن زەفەریان پێ نەدەبرد وە شوێن ئەتڵەس کەوتین، ئێمە لە قەراغێک وێستا بووین، کەوچکەکەی ئەتڵەس بە چرکەچرک و زۆرەملی نووکەکانی دەبرد دە دەڵی خاکەوە هەر دەتوت خاکیش ئیزن نادا وەفای تێدا بنێژرێ بە خەساری دەزانێ دڵی گەرمی ئەو دە باوەشی ساردی بگرێ.

ئاخ ئەم خاکە ڕووگەی لەمێژینەی وەفا بوو، کانگای ئەوین و دڵداری، جێپێی خەبات و فیداکاری، مەکۆی تێگەیشتن و پێگەیشتن، سەکۆی ماندوویی و حەسانەوەی.

من لەساڵی ١٣٤٠ـەوە وەفام ناسیوە، ئەوێ دەمێ سەرباز بوو، لە ڕادیۆ مەهاباد خزمەتی دەکرد، دەیانوت شاعیرە و دیوانی شیعری هەیە. ساڵی ٥٤ کە هاتمە شاری بۆکان، بووینە ئاشنا، پێش ئەوەی بەتەواوی دۆستایەتیمان گەرم بێ، من گیرام و تا ساڵی ٥٩ یەکترمان نەدیتەوە. کاتێک چاوم دە نووکی کەوچکەکەی ئەتڵەس بڕیبوو، ژیانی وەفا وەک گڵۆڵەیەکی کراوە بە مێشکمدا هات:



## فەتاح ئەمیری ــــ بۆکان

خەیاڵ دەمبا، دەمبا، بە کووچە و کۆڵان و شەقامی شاردا بە پەنا چوارچرا و مزگەوتی سوور و پشت قەڵای شاری مەهاباددا، بە بەر مەحکەمەی قازی نەمردا ئەوێ دەمێ من منداڵێکی کز و لاواز و چاوزەق بووم، لە مەدرەسەی سەرەتایی پەهلەوی ناونووس کرابووم بۆ هەوەڵی پاییز بچمە خوێندن. کۆدەتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٣٢ی هەتاوی. تێکشکانی جووڵانەوەکەی دوکتۆر موسەددیق و ئاشبەتاڵی بنەڕەتیی ئازادی لە ئێران.

ئەو ڕۆژەی سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسی، ئەو کاتەی باوک ئاوڕی لەسەر کوڕەکەی نەدەداوە، ئەو قۆناغەی پشووی ئازادی دە گەرووی خەفە دەکرا و دەنگی هەرچەشنە ڕەخنەیەک وسکووت دەبوو.

بۆ منی منداڵێکی لادێیی چاونەکراوە دیمەنێکی بەسام و بەترس بوو. من ئەوانەم بۆ حەل نەدەبوو و بۆم هەزم نەدەکرا. چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم بە ئەوپەڕی سووکایەتییەوە خەڵکی شاریان ڕەپێچەک دەدا و لە ماڵی خۆیانڕا بە لێدان و کوتان بەرەو شارەبانیان دەبردن.

پێم سەیر بوو، ئەو لاوە کەسک و سوورانەی کەوتبوونە بەر پەلاماری پۆلیس هەموویان لە من پاک و خاوێنتر بوون، چییان کردبوو؟! بەردیان بە کام گومبەزدا دابوو؟! سەری کێیان شکاندبوو؟! لە هەر کەسم دەپرسی، تەنیا لێم مۆڕ دەبۆوە، هەموو دەنگیان لێدەگۆڕیم. کەس بە هێندی نەدەگرتم و کەس ئاوڕی بەخێری نەدەدامەوە. دەئاخریدا چوومە لای پیرەپیاوێک:

ـ مامە ئەوانە چییان کردووە؟!

سەرێکی لێڕاوەشاندم:

ـــ ڕۆڵە بۆ بێ دەنگ نابی، ئەوانە (موسەددیقی)ن.

تا دوایی بۆم ساغ نەبۆوە دەی موسەددیقی تاوانی چییە؟

دێتە بەر چاوم وەفا یەکێک لەو لاوە کەسک و سوورانە بوو، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بە تاوانی موسەددیقیبوون تووشی کۆت و زیندان و ئەشکەنجە هات. دەبێ لە بەرانبەر ئەو زەبروزەنگانەدا چۆن خۆی ڕاگرتبێ؟! چۆن باشاری کردبن!

پاشی تەواوبوونی بەندیخانە دەینێرنە سەربازخانە و دەیکەنە سەرباز، بەباشی دێتەوە بەر چاوم یەکی لەقی لاواز بوو، هێندی گرەمێکی گۆشتی زیادی پێوە نەبوو، بە چاویلکەیەکی شووشەییەوە و جووتێک پۆتینی بۆیەلێدراو.

چەنگاڵێ کەوچکەی ئەتڵەس هەروا بە خرتەخرت و چیرەچیر دڵی جۆشی خاک دەکۆڵێ و گڵەکە دەخاتە قەراغێک، ئارام، ئارام، خاک تەسلیمی مەکینە دەبێ و بەنابەدڵی باوەشی بۆ قەوارەی وەفا نەختاڵێک دەکاتەوە.

ساڵی ٤٢ و بەشداریکردن لە کێبەرکێی شیعر دەگەڵ بەشی فارسیی ڕادیۆ دێهلی، سەفارەتی هیند و وەرگرتنی پەیکەرەی عاجی فیل لە دەستی دوکتۆر سەدیقی ئەعلەم وەزیری فەرهەنگی ئەو دەم، ڕەنگە ئەو کاتە خۆشترین کاتی ژیانی ئەم شاعیرە لاوە بووبێ و ئەوەی بیری لێنەکردبێتەوە ڕووخان و تێکشکان و نەمان، داخوا داهاتوویەکی ڕەنگاوڕەنگ چۆن خەیاڵی شاعیرانەی داگرتبێ و ئارەزووی لاوەتی چۆن مێشک و دەماری ئاخنیبێ.

دوو قەبرهەڵکەنی کز و پیر هەروا چاوەدێریی دەکەن، مەکینە هێدی هێدی دەقاڕێنێ، بەرە بەرە گڵکۆ جێ دەکاتەوە

چاڵێکی ڕەش بۆ دنیایەک ئاوات و هیوای سەوز. بانگێشتنکردنی بۆ هیندوستان و پێشکێشکردنی ٥ جلد کتێبی جەواهر لەعل نیهرۆ.
دیسان خۆشییە و دیسان ئەوپەڕی شایی بە خۆ بوون. ئینسانێکی شاعیر، ناسکخەیاڵ، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، خەتخۆش و ئاشق دەبینی لە دوودڵایەتی، تاڵ و شیرین، سارد و گەرم، خۆشی و ناخۆشیدا، ڕۆژێک وەکی پووش و پەڵاش دە گێژاوێکی بەسام و هیلاک دەکەوێ و کاتێک لە بەهارێکی سەر سەوز و جوان بە شنەبایەکی ئارام و بلاوێن چاوی خەواڵووی لە خەوی نازی بەربەیان هەڵدێنێ.
خرتەی چەنگاڵی ئەتڵەس هەروا بەردەوامە، ساڵی ٥٤ و ئاشنایی دەگەڵ وەفا و هامۆشۆی دوکانی کەرەسەی ماڵ و جارجارەش جەفەنگ و گاڵتەم دێنەوە بیر، چی وای تێناچێ لێکهەڵبران و دووری.
ساڵی ٥٩ و ٦٠ خۆگردوکۆکردنی بۆ سەفەرێکی ناچاری و هەرزانفرۆشکردنی ماڵ و دوکان و کەرەسەی دوکان، پاشان گوێزتنەوەی ماڵ و دوکان بۆ شاری ورمێ و لەوێشڕا پاش ماوەیەک بەرەو تاران.
کڕینی دوکان لە مەیدانی شووشی تاران و دەستکردنەوە بە کاسبی و ڕۆژ لە نوێ و ڕۆژی لە نوێ.
ئەتڵەس پاشەکشەی کردووە، گاکۆڕێکی فرەوان هەڵکەندراوە، دوو کرێکاری پیر و کز خەریکی دانانی گۆڕیچەن، بایەکی ساردی دێ و هەور دەگرمێنێ، بارانی بەجێماو لە سەفەری درێژی پاییز خەریکە ئانگژای سەر و گوێلاکمان بێ، غەم و تەم و تۆز و سەرما میوانمانن. دەڕۆمەوە ساڵی ٧٤، ئەو ساڵەی وەفا لە تارانەوە بەرەو بۆکان دەگەڕێتەوە، ئەو سەفەرەی کە بە پێ چوو، بە سەر گەڕاوە، ئەو سەفەرەی کە سەفەر نەبوو، دوورخرانەوە بوو. دە دونیای ئێمەدا کەس بە ئارەزوو نەژیاوە. دەچمەوە ئەو ساڵە و دەگەڵ وەفا خەریکی زەویکڕین و هاتوچۆ و دانانی ڕەستووران و ماڵ و حاڵین.
بە بیرم دادێ وەفا جگە لە شیعر و نەسر و ڕۆژنامەگەری و خەتخۆشی، جگە لە کار و خۆبەخێوکردن، چەند شتی تازەشی بۆ هەوڵ بار هێنا شاری بۆکان.
دەسگای فۆتۆکۆپی، دەسگای ویشکشۆری و دەو ئاخرییەدا وەڕێخستنی ڕەستووورانێکی نموونە کە خواردەمەنی نوێی وەک پیتزای هەبوو، لە پەنای ئەودا خۆراکی سوننەتیی کوردەواری سەنگەسیر.
باران دەبارێ، ئاسمانی شار لەمێژە فرمێسکەکانی بۆ ڕۆڵەیەکی بەنرخی خۆی ڕاگرتووە، هەور هەروا دەگرمێنێ، ئاخر بێڵ وەسەر گڵکۆ دەکرێ.
دڵم پڕ بووە، هەرچی دەڕوانم شار بە چۆڵ دەبینم و گۆڕستان بە ئاوەدان، گۆڕستان وەفای تێدا و شار بێ وەفایە.
برای بەڕێز تۆ بە ئاوات نەگەیشتی، ڕەنگە منیش نەیبینم، بەڵام ڕۆژێک دێ گژوگیای بەهاری بە وێنەی گەڵایەکی سەوزی زەیتوون سەر خاکەکەت داپۆشێ...



ئەنوەر سوڵتانی، برای شاعیر لە کۆڕی یادەوەریی «وەفا»دا



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕی یادەوەریی «وەفا»


ئازاد سەعد لە کۆڕی یادەوەریی «وەفا»دا (وێنەکان: ئەکی بابەمیری)

# با بە نەریتی «وەفا» وەفادار بین

## سەعید شەمس

بەڕێزان، ڕێگام بدەن خەم و پەژارەی خۆم بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری کورد، کاک عومەر سوڵتانی «وەفا» دەرببڕم و لەلایەن ئەو کۆڕەوە هاوبەشی خەمی شاری بۆکان، کۆمەڵگای ئەدەبیی موکریان و کوردستان، بنەماڵەی سوڵتانی و بەتایبەت کاک ئەنوەری سوڵتانی بین.
مامۆستا هێمن لە پێشەکیی دیوانی تاریک و ڕووندا دەڵێت: "من بۆ خۆم وام، ڕەنگە زۆر کەسیش وابێ، کە شیعری شاعیرێک یا نووسراوەی نووسەرێک دەخوێنمەوە ، چ زیندوو و چ مردوو، پێم خۆشە خۆشی بناسم. بزانم کێیە؟ خەڵکی کام وڵاتە؟ کاری چییە؟ چۆن دەژی و ئەگەر مردووە، چۆن مردووە؟ لە کوێ نێژراوە؟ بۆیە بڕیارم دا سەرگوزشتەی خۆم لە سەرەتای ئەو بەشەی دیوانەکەمدا بنووسم... پێوە بووم زۆر درێژی بنووسم، تەماشام کرد دەبێتە چیرۆکێکی درێژ و شیرین و پڕ لە کارەسات. چ چیرۆکێک لە بەسەرهاتی ئینسانێک لە واقیع نیزیکترە؟ ئەویش بەسەرهاتی ئینسانێکی نیزیکەی پەنجا ساڵی لە ساڵەکانی چەرخی بیستەم، ئەو چەرخە پڕ لە کارەسات و پەلامارە، ئەو چەرخە پڕ لە ئاڵ و گۆڕەی وەبیربێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئینسانە کورد بێ."
هێمن بەو وتە جوان و پڕمانایەی ئاماژە بە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز دەکات، کە مێشکی زۆربەی بیرمەندانی دوو سەدەی ڕابوردووی بەخۆوە مەشخوڵ کردبوو. لەڕاستیدا ئەوە قوتابخانەی ئەدەبی «سورئالیزم» بوو کە ئەو گرفتەی، واتا دووفاقەبوون یان دووالیزمی بوونی ڕۆح و لەش، مادە و هۆش، ماتریالیزم و ئایدیالیزمی، نەک لە ناتەبایی، بەڵکو لە یەکگرتوویی و پێوەندی یەکتردا پێناسە کرد. لەسەر ئەو قسەیەی هێمن من دەخوازم لایەنێک لە ژیانی کاک وەفا باس بکەم. هەڵبەت کاک ئەنوەر بەوردی باسی ژیانی کاک وەفای کرد و من لێرە دەخوازم زۆرتر لەسەر ئەو جەخت بکەم.
کۆمەڵێک ڕووداو، کە لە واقیعدا ڕوو دەدەن، دواجار دەبن بە خەیاڵ و ئەفسانە و ئەفسانەگەلێک هەن کە بە شێوازی واقیعی سەرلەنوێ لە ژیاندا ڕوو دەدەنەوە. بە واتایەکی تر، هیچ سنوورێک لەنێوان خەیاڵ و واقیع، داستان و ژیانی ڕاستەقینەی



سەعید شەمس

مرۆڤ، دیاردە ماددی و فیکرییەکاندا نییە، کە شیاوی پەڕینەوە نەبێت. جوانی و ڕاکێشەری بیۆگرافیایی کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی کورد لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆرجار ئەو مانای دوولایەنی و دووبواریی ژیانە بەباشی وێنا دەکات. لە لایەکەوە زۆرتر بە ڕۆیا و خەیاڵ دەچێت و لە لایەکی ترەوە، دیاردەیەکی واقیعییە.
بۆ ئەو بەڕێزانەی، بەتایبەت بۆ نەوەی لاو، کە ڕەنگە تائێستا نێوی کاک وەفا، ئەو شاعیرە نەریتشکێنە کوردەیان، بە گوێ نەگەیشتبێت، دەبێت بڵێم کاک عومەر سوڵتانی «وەفا»، لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە بۆکان لە دایک بوو. کاک وەفا کاری شاعیری بە چوارپارەی نیمایی لە پاییزی ساڵی ١٣٣٢ لە زیندانی مهاباد، یانی کاتێک کە لە دوای کودەتای دژی خەڵکی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بە دەستی حکوومەتی نیزامی بەختیارەوە دەگیرێت و دەکەوێتە زیندان، دەست پێ دەکات. بە واتایەکی تر، کاک وەفا دوو ساڵ پێش خەرمانانی ١٣٢٠ کە لە دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە سەردەمی دیکتاتۆریی ڕەشی ڕەزا شا کۆتایی هات، لە دایک دەبێت. کاتێک کە کۆمەڵەی ژ.ک. وەک یەکەم ڕێکخراوەی سیاسی ـ نەتەوایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دادەمەزرێت، کاک وەفا سێ ساڵە دەبێت و کاتێک حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان بەرپا دەبێت، تەمەنی شەش ساڵ بووە.
لەو کاتەوە تا ساڵی ١٣٣٢ کە کاک وەفا لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا سەر لە بەندیخانەی مهاباد دەردێنێت، گۆڕانکارییەکی زۆر قووڵ و بنەڕەتی بەسەر بوارەکانی سیاسەت و ئەدەبی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوو دەدات، کە بێگومان شەقڵی خۆیان لەسەر ژیان و کارەکانی دوایی کاک وەفا دادەنێن. هەر ئەوە کە لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە دەکەوێتە بەندیخانە لە خۆیدا من لە زۆر وردەکاری بێ نیاز دەکات.
تایبەتمەندیی ئەو قۆناغە سوریالیزمی بێ وێنە. دوو دامودەستگای سەڵتەنەت و ڕوحانییەت کە تەنیا دوو ناوەندی دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە ئێرانی ئەو سەردەمە بوون، بەڕاشکاوی نیشانیان دا کە کاتێ لەژێر گوشاری خەڵکدان و بێهێزن، پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن و حازرن لەگەڵ هەموو کەس سەودا و مامەڵە بکەن، بەس کاتێک هێز و توانایان هەیە بێڕەحمن، دەسووتێنن، کوشتار دەکەن و تەنیا بە ئامرازی تێرۆر و سەرکوت لەگەڵ خەڵک ڕووبەڕوو دەبنەوە. لە لایەکی ترەوە سوریالیزمی ئەو سەردەمە، هەڵقوولاوی کۆمەڵگای بۆکانی و کوردستانی بوو کە کاک وەفا تێیدا دەژێت.
بێگومان بیرەوەریی ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کە لەسەر بانی عەمارەتی قەڵای بۆکان کە بە بەشداریی نیزیک لە ٥ هەزار کەس لە ڕۆژی چوارشەممەی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥دا بەڕێوەچوو و لەو ئاهەنگەدا هەژاری شاعیری کۆماری کوردستان، حەقیقیی شاعیری ناسراوی شاری بۆکان، شیعریان خوێندەوە و هێمنی شاعیری میللی وەک ئەندامی هەیئەت و نوێنەری پێشەوا تێیدا بەشدار بوو، شەقڵێکی بەرچاوی لە مێشکی کاک وەفا بە جێ هێشت. دواجار دوای تێپەڕبوونی ئەو سەردەمە کورت و زێڕینە، کاتێک وەفا

لەنێوان کۆمەڵێک بەڵگە و بیرەوەری لە دوای جوابێک بۆ ئەو پرسیارە کە ئەوان کێ بوون، چییان دەویست و بۆ تەنانەت سیمبولی ئەو کەسایەتییانە ترس و وەحشەت دەخاتە ناو دڵی کاربەدەستانی ئێرانی، لەناکاو چاوی بە یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ک.، دەکەوێت کە چۆن باسی ئامانجەکانی کۆمەڵە دەکات: "کۆمەڵە ژ.ک. بە پێچەوانەی هەمو بەرهەڵست و قورت و چەلەمەییکی وەکو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخوری، پولپەرستی و بێگانەدوستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەتنی کوردا هەیە بە هەمو هێز و توانی خوی تێ ئەکۆشێت تا زنجیرە کۆمەڵەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستوی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەمو کوردێک بە سەربەستی تیا بژیت."(١)

کاتێک کە کاک وەفا منداڵێکی شەش ساڵە بوو قازی موحەمەد کەسایەتییەکی ناسراو و دیاردەیەکی بەرچاو و هەستپێکراوی کۆمەڵگای کوردستان بوو، بەڵام کاتێک لە گۆشەی سارد و ترسناکی زینداندا هەستی ناسکی لە چوارچێوەی شیعردا وێنا دەکرد، پێشەوا بووبوو بە ئوستورەیەکی زیندوو کە نە تەنیا ئیلهامبەخشی ژیانی کاک وەفا بوو، بەڵکو بووبووە هێمایەکی کورد و کوردایەتی و هیوای دوارۆژی کوردستان. بێشک ئەو وتەیەی هێمن کە دەڵێت: "ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگبڕە هەمو کوردێکی بەشەرەفی خەمناک و تازیەبار کرد. بەتایبەتی دڵی منی بە ناسۆر ئەنگاوت، ناسۆرێک کە بۆتە تیراوێ و ئێستاش هەر وەبن دەداتەوە و هەڵدەداتەوە و بێگومان سارێژ نابێ و لەگەڵم دێتە بن گڵ"(٢) بە جوانی ئەو حاڵەتە وێنا دەکات.

بێگومان ئەو مێژووە و تەواوی ئەو کارەساتانە کە دواجار بوون بە ئەفسانە و ئوستورە، کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ڕەوتی ژیانی کاک وەفا هەبوو، چونکە هیچ شتێک گیانسەختتر لە ئوستورەیەک نییە کە خەڵک باوەڕیان پێی بێت. هەربۆیەش هەرچەند شیعری فارسیی کاک وەفا زۆرتر ناوەڕۆکی ئەویندارییان هەیە، بەڵام کاک وەفا پتر لەگەڵ شاعیرانی شۆڕشگێڕی فارسی ئەو دەم وەک سەعید سوڵتانپوور و نوسرەتی ڕەحمانی دۆستایەتی و تێکەڵاوی هەبووە و لە ڕێگای ئەو دۆستایەتییەوەیە کە چەمکی بۆکانی و کوردستانی لەناو شیعری سوڵتانپوور جێی خۆیان دەکەنەوە. موحەمەد ڕەزا شەفیعی کەدکەنی، شاعیری ناسراو و مامۆستای ئەدەبی فارسی لەبارەی شیعری فارسی کاک وەفا دەڵێت: "وەفا شاعیرێکی بەتوانایە کە وەک شاعیرێکی غەیرەفارس پلە و جێگایەکی شکۆداری لە شیعری نوێی فارسیدا پڕ کردوەتەوە."

جێگای سەرنج ئەوەیە کە کاک وەفا لەپاڵ سوارەی ئێلخانیزادە، چاوە و حەسەنیانی وەک یەکەم شەپۆلی شاعیرانی نوێخواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێن. شیعری وەفا هەرچەند بێبەری نییە لە کۆمەڵێک کەموکووڕی لە سەبک و فۆرم، بەڵام جێپێیەکی بەرچاوی لەسەر ئەدەبی نوێخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە و هەیە. لە واقیعدا وەفا، لەپاڵ ئەوانی تر، ڕچەی شکاند و قوتابخانەی شیعری نوێی لە ئەدەبی ناوچەی موکریانیاندا ساز کرد و مێژوویيشی هەیە. لەڕاستیدا وەفا هەوەڵین کتێبی شیعریی خۆی بە ناوی «سروودی پەرەستوو» لە ساڵی ١٣٤١دا بڵاو کردووەتەوە و ئێستا پاش چل ساڵ بێگومان دیتنەوەی کۆمەڵێک کەموکووڕی کارێکی دژوار نییە.

من تەنیا دەخوازم ئەوە بڵێم لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئەدەبییەوە، تێکستەکانی ئەدەبی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی، هەڵقوڵاوی چوارچێوەی کات و شوێنی ئەو سەردەمەن. بیر و بۆچوونی شاعیر و




سەعید شەمس لە کۆڕی یادەوەریی «وەفا»دا

دەورێکی کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی شیعری کوردی هەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوان نەیانتوانی قوتابخانەیەکی تازەی ئەدەبی و شیعری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخوڵقێنن. لەڕاستیدا بەرهەمی هونەریی ئەوان سەرەڕای دەوری ڕێخۆشکەرانەی بۆ سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی شیعری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەیتوانی نوێنەرایەتیی قوتابخانەیەکی ئەدەبیی نوێ بکات. هەربۆیەش هەرچەند ئەو نەوەیە لە شاعیرانی کورد زۆرتر لە شیعری نیمایی و دواجاریش شاملویی ئیلهامیان وەرگرتووە، بەڵام ئێمە لەو بەشەی کوردستاندا و لە دەیەکانی چل و پەنجادا، شاهیدی سەرهەڵدانی شۆڕشی نیمایی لە شیعری کوردیدا نەبووین.

هەڵبەت زەقکردنەوەی ئەو خاڵە، بە هیچ شێوازێک بە مانای داکێشانی ئاستی بەرزی شیعری ئەو شاعیرانە و بەتایبەت وەفا نییە. لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە ئێستا ڕەخنەگرتن لە کەموکووڕیی شیعری ئەو سەردەمە زۆر سووک و سانا بێت، هەربۆیەش من زۆر بەئەسپاییەوە ئاماژە بەو نوکتەیە دەکەم. هۆی ئەوەش تەنیا شارەزایی کەمیی من لەمەڕ شیعر و ئەدەبی ساڵانی ٤٠ نییە، بەڵکو هۆکارێکی نووسەر تێکەڵاوییەکی بەرچاوی لەگەڵ گوتارەکانی ئەو سەردەمەدا هەیە و لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمەوە سەر هەڵدەدەن و پەرە دەستێنن. ئێمە ئێستا لە کۆتایی ڕەوتی ڕەخنەگرتن و پێداچوونەوەی ئەو قۆناغەداین و گوتار و بنەماکانی فیکریی ئەو سەردەمە چوارچێوە و شێوازی بیرکردنەوەی ئەمڕۆ نییە، هەربۆیەش کاری ڕەخنە زۆر هاسان دەبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا تایبەتمەندیی ئەو سەردەمە زۆر لایەن و گۆشەی نادیار دەخاتە بەردەمی باس و لێکۆڵینەوە.

وەفا لە شیعری نیمایی ئیلهامی گرتبوو و بەو شێواز و سەبکە دەستی بە کاری شیعرگوتن کرد. نیما ڕەوایەتیی شیعری شۆڕشی ئەدەبی بوو کە پێشتر سادقی هیدایەت لە پەخشان و ڕۆماندا وێنای کردبوو. هیدایەت بە باوەڕی زۆر کەس، ئەستێرەی گەشەداری ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئێرانە و لەڕاستیدا هیدایەت دەربیجەیەکی بەرەو مۆدێرنیتە و دونیای مۆدێرن کردەوە. هیدایەت هەوڵی دا "گیانی پەرێشانی" ئێران لە ڕەوتێکی تازەدا بوێنێتەوە، قوتابخانەی ئەدەبیی هیدایەت هەم ناسنامەی نەتەوایەتی و شوێنی خۆیی بوو و هەم پێوەری جیهانی و نێونەتەوەیی. نیما

بەردەوامی هیدایەت بوو لە شیعردا، بەڵام قوتابیانی نیما لە ساڵانی چلدا ڕەوتێکی دیکەیان گرتە بەر و یا بە گوتەی ڕەزا بەراهەنی، نیما تا ئەودەم گەورەترین شاعیری ئێرانی بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی چلەکاندا، وەرچەرخانێکی بەرچاو لە ڕەوتی ئەدەبی کێشدار (مەوزون)ی ئێرانیدا دەست پێدەکات.
خاڵی هەرە بەرچاوی ئەو وەرچەرخانە زۆرتر گواستنەوە بوو بۆ چوارچێوەیەکی فیکری و ئایدیۆلۆژیایی جیاواز. گیانی ئێرانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەولاوە، تەواوی دەستمایە کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی خۆی وە گەڕ خست تا لەشی ئەو دێوە، واتا مۆدێرنیتە، بکاتە ناو شیشە و لە خۆلیای کۆمەڵگایەکی نوێ و دەوڵەتێکی هاوچەرخدا وێڵ بوو. بەڵام ئەو ئارەزووانە هەر لەسەرەتاوە لێڵ و ئاڵۆز بوون. دیالێکتیکی نەتەوەیی ــ جیهانی لە ساڵەکانی چلدا بەوپەڕی خۆی دەگات و ئەو ناتەبایە دەخاتە ئاستێکی جیاوازەوە. مۆدێرنیتە لە لایەکەوە وەک دیاردەیەکی بێگانە، نامۆ و نەگونجاو سەیر دەکرێت و لە لایەکی ترەوە، ئەگەر قەرارە ئێران ئاسۆ و داهاتوویەکی ڕوونی هەبێت، وەک دیاردەیەک سەیر دەکرا کە خۆپاراستن و دوورخستنەوە مەحاڵ بوو. لەو ڕوانگەوە، دیالێکتیکی نەتەوەیی ــ جیهانی سەرلەنوێ تەجزیە دەکرێتەوە و بە شێوازێکی نوێ دەڕێسرێتەوە و بە تیۆریی جیهانی و گوتاری نێونەتەوەیی بواری نەتەوەیی ــ مەڵبەندی زەق دەبێتەوە.
ئەو ناتەبایە بریتی بوو لە نەگونجاویی بیر و بۆچوونی ئێرانی لەگەڵ ناسنامەی فەرهەنگی جیهانی. گوتاری چلەکانی هەتاوی کە بووە هۆکاری گۆڕانکاریی فیکرییەکان، مۆدێرنیتە وەک هەڕەشەیەک لەسەر ناسنامەی فەرهەنگیی ئێرانی هەڵدەسەنگێنێت. لە هەمان کاتدا، ڕووناکبیرانی ئێرانی بە گوتاری مۆدێرنیتەوە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشەیە دەبنەوە. لە ئەنجامی ئەو ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، شێوازێکی فیکریی دوو جیهانبینی تەواو جیاواز و چەشنە ئامێتەیەک لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای ڕووناکبیرانی ئێرانیدا سەر هەڵدەدات، کە بێگومان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شیعر و ئەدەبی فارسی دەبێت.
شێوازی شیعری وەفا کە لەسەرەتاوە زۆر لە شیعری نوێی فارسییەوە ئیلهامی وەرگرتووە، بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەو ئامێتەییەیە. هاوکات تایبەتمەندیی شیعری وەفا، زۆرتر لە شێوازی ناتورالیستی دەچێت: سرووشت و ئەوین دوو بابەتی سەرەکی بوون لە کارەکانی وەفادا، هەربۆیەش وەفا لە دوای ١٣٤١ی هەتاوی بە شێوەیەکی سەرەکی هەر بە زمانی کوردی شیعر دەهۆنێتەوە. بە ڕای زۆربەی ئەو کەسانەی شارەزای شێوازی شیعری وەفان، هەرچەند وەفا لە شیعری کوردیشدا فۆرمی چوارپارەیی دەپارێزێت، بەڵام لە هەمان کاتێشدا، ئەو فۆرمە ئامێتەییە تێکەڵاوی شیعری هیجایی و فۆلکلۆریی کوردی دەکات. دوای ئەو ساڵانەش، کاریگەریی شێوازی گۆران و شێرکۆ بێکەس لە کارەکانی وەفادا زۆر دیارە.
گواستنەوەی وەفا بۆ شیعری کوردی، لەدایکبوونەوەیەکی دووبارە بوو، بەرهەمەکانی کوردیی وەفا کەمتر ئەو نەرمونۆڵی و ئامێتەییەی شیعرەفارسییەکانی پێوە دیارە. لەڕاستیدا، دوو ڕۆح و گیانی ئەدەبی، دوو وەفا لە یەک لەشدا، لەپاڵ یەکدا، هاوژیانیان هەیە. جار جار دۆست، جار جار ڕەقیب. بێشک ئەوە تەنیا سووریالیزمی ژیانی وەفا نییە، بەڵکو تایبەتمەندیی هەلومەرجی کوردی ڕۆژهەڵاتە.
سەبا. لەپاڵ ئەوەشدا گوزەری عومر، پیری، نەخۆشی و تەنگوچەڵەمەی ژیان و بەرێچوون، هەردەم مەیدان و بواریان بۆ ئەم شاعیرە بەرتەسکتر دەکردەوە، بەڵام کاک وەفای ئینسانندۆست، شاعیر و هەستناسک، کۆڵی نەدا و تا دوایین کاتی ژیانی لە دژی تاریکی خەبات و تێکۆشانی کرد. لە ڕوانگەی منەوە لەپاڵ هەستی جوانی وەفا بۆ سروشت و ئەوین، بەرزترین سوونەتی وەفا، عیززەتی نەفسی ئەو بوو.
لە دوای شۆڕشی ئیسلامی، دیاردەی ڕووناکبیری حیزبی بوو بە شێوازی زاڵی کۆمەڵگای کوردی و گەیشتە ئاستێکی بێ سنوور، هەربۆیەش وەفا و هەڤاڵانی وەفا لە بیر چوونەوە. وەفا کە وەک شاعیرێکی بلیمەت لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاویدا یەکەم دیوانی شیعری لە چاپ دابوو، لەژێر قیلوقاوی ڕووناکبیرانی حیزبی نێوێکی

**"لەڕاستیدا بەرهەمی هونەریی ئەوان سەرەڕای دەوری ڕێخۆشکەرانەی بۆ سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی شیعری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەیتوانی نوێنەرایەتیی قوتابخانەیەکی ئەدەبیی نوێ بکات. هەربۆیەش هەرچەند ئەو نەوەیە لە شاعیرانی کورد زۆرتر لە شیعری نیمایی و دواجاریش شاملوویی ئیلهامیان وەرگرتووە، بەڵام ئێمە لەو بەشەی کوردستاندا و لە دەیەکانی چل و پەنجادا، شاهیدی سەرهەڵدانی شۆڕشی نیمایی لە شیعری کوردیدا نەبووین."**


سەرئەنجام دڵی گەورەی وەفا لە ڕۆژی سێشەممەی یەکەمی خەزەڵوەری ١٣٨٤ی هەتاویدا لە لێدان کەوت و ئەو ئینسانە بە هەست و ئاشقە، پاش ٦٦ ساڵ ژیان، خەبات و ئافراندنی چەندین بەرهەمی گەورەی ئەدەبی، ماڵئاوایی لە ئێمە کرد و لە شاری بۆکان لەپاڵ حەقیقی، شاعیری ناوداری بۆکان و موکریان، تەسلیم بە خاک کرا. وەفا پێش هەموو شتێکی مرۆڤێکی ئازادە و سەربەست بوو. بۆ من کە شانازیی ئاشنایی و دەرفەتی فێربوون لە مامۆستا وەفام لە ساڵانی دوایی و لە هەرندەراندا بۆ ڕەخسا، تەوازوع و عیززەتی نەفسی ئەو مرۆڤە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر من دانا. تەنانەت بەو تێڕوانینە سەرپێییەش کە من لەمەڕ هەلومەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی شیعری وەفام کرد، دەبینین کە مێژووی ژیانی وەفا دەکەوێتە ناو توند و تیژترین قۆناغی ململانێی سیاسی و ئەدەبیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڕەپانی زۆرانبازیی سیاسی بوو لەپێناو بەدیهێنانی سەربەستی و ڕزگاریی نەتەوەیی.
لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دوای شۆڕشی ئیسلامی و سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد، هەلومەرجێکی دژوار بەسەر هەموو گەلی کورد و کاک وەفای شاعیردا لەنێواندا نەما. بەڵام ئەو بارودۆخە هەرگیز نەیتوانی تەنگ بە وەفای کۆڵنەدەر هەڵچنێت. وەفا لەو هەلومەرجە نائاساییەشدا بەردەوام خەریکی کاری ئەدەبی، ڕووناکبیری و زیندووکردنەوە و وەگەڕخستنی یەکێتیی نووسەرانی کورد و کۆمەڵگای مەدەنی بوو. لە بارودۆخی ئێستای کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، گەلی کورد هەلومەرجێکی لەبارتریان بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاریی نەتەوایەتیدا بۆ ڕەخساوە. ئەمڕۆ وەفاداری بە نەریت و سوونەتی وەفا لە هەموو کات پێویستترە. لەو بارودۆخەدا لەژێر گۆڕانکاریی بێوێنەی میدیایی و سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی پێوەندی و کامیۆنیکەیشن، هەردەم سنووری ڕۆشنگەری و ڕابواردن (entertainment) کەم ڕەنگتر دەبێت و لەژێر کاریگەریی ئەو پەرسەندنەدا، جیاوازی نێوان ڕووناکبیر و شەومەن نادیارتر دەبێت، ئێمە پتر لە هەموو کاتێک پێویستمان بە زیندوو ڕاگرتنی سوونەتی وەفایە.

(١) گ. نیشتمان، ژ١، س١، پوشپەڕی ١٣٢٢، ل١
(٢) هێمن، دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوە، س. چ. هێرش، ل٧٢

لەندەن
٢٠٠٥/١٢/٣

# «وەفا» لەم وڵاتە کۆچی کرد

### ڕۆژگارێك ڕۆی و وا ئێمە بەتەنیا ماینەوە
### بێ کەس و بێ لانە، وەك کوندێك لە سەحرا ماینەوە



**محمد سعید نجاری (ئاسۆ)**

پاییزە، وەرزی زەردی و هەڵوەرینە، وەرزی گەڕانەوەی مەلە کۆچەرەکان بۆ گەرمێن، وەرزی بارشتی سروشتە، وەرزی سەرما و شەختە و بادەویە. دەورە دەورەی بای زریانە. شەماڵ خۆی شاردۆتەوە و تا بەهاری داهاتوو لەگەڵ گەڕانەوەی دووبارەی مەلەکان خۆی دەرناخات. ئا لەم ورزە تووش و تاڵەدا، لەم وڵاتە بێ خاوەنماڵەدا، «وەفا» بۆ هەمیشە چاوی لێک نا، تا ئیدی پتر ئەم وەرزە تووش و تاڵە بە چاو نەبینێت و دڵە ناسکەکەی پتر بریندار نەبێت، بەڵام بۆ یارانی باوەفای «وەفا» هەر ئەم پرسیارەی بە جێ هێشت کە ساڵەهایە فارسان دەیڵێن: "خوبان چه بی صدا می میرند!" [مێرخاسان چ بێدەنگ دەمرن!]
بەڵێ کاک عومەری سوڵتانی «وەفا» شاعیری نوێخوازی بۆکانی کە سەرەتا بە کتێبی شیعری فارسی «سرود پرستو» خۆی بە خوێنەری شیعرەکانی ناساند و بە خوو و ڕەوشتی شاعیرانەی و ژیانی سەراپا داهێنەرانەی تەواوی خەڵکی بۆکان و ناوچەی دەگەڵ خۆی کردە ئاشنا. ڕۆیی.
«وەفا» ئاشنای هەموو ئینسانێ بوو. وەفا شاعیر بوو. وەفا عاشق بوو. وەفا کورد بوو. وەفا ئاگرێکی لە دەروون هەمیشە دایسا کە جگە لە یارانی باوەفای کەس هەستی پێ نەکرد. ئاگری خەمی کۆیلەتیی گەلەکەی، ئاگری ناتەبایی و نابەرابەریی ئینسانەکان، ئاگری لەیەکنەگەیشتنی ڕۆشنبیرەکان، هەر ئەو ئاگرە بوو شیعری ئاوای بە دڵدا دەهێنا:

شعر من چیست؟ سایهء ابهام
شیعر من چیست؟ شعلهء عصیان
شعر من چیست؟ شیره اندوه
شعر من چیست؟ یورش طوفان
[شیعری من چییە؟ سێبەری گومان
شیعری من چییە؟ بڵێسەی ڕاسان
شیعری من چییە؟ شیلەی خەم و داخ
شیعری من چییە؟ هێرشی تۆفان]

تەماشاکەن لەم چوار وشەی کلیدی «ابهام» و «عصیان» و «اندوه» و «طوفان»ە. دیارە ئەوەندەی فارسەکان ئەم وشانەیان بە کار هێناوە، کوردانیش پتر دەگەڵیان ژیاون، هەربۆیەش شاعیرێکی کورد بە هەستێکی چینایەتییەوە بە فارسی دەیانکاتە کەرەستەی دەربرینی هەستێکی ئاگراوی و بۆ «ابهام» واتە سەرسامی و خەیاڵاویبوون بینەر دەخوڵقێنێت و بۆ «عصیان» واتە راسان شوعلە دەئافرێنێت و بۆ «اندوه» واتە کەسەر و غەم شیلە و عوسارە دەکوڵێنێت و بۆ «طوفان»یش هێرش هەڵدەستێنێت.
بەڵام ئەو چ بکا. ئەو هەرچی گاز دەکا لە خوێنەرانی، جوابێک نابیستێت. ناعیلاج لە هەڵبەستی «سکوت تلخ» [بێدەنگیی تاڵ]دا ئاوا خۆی ڕازی دەکا:

روزگاری رفت و ما تنهای تنها ماندهایم
بی کس و کاشانه چون بومی به صحرا ماندهایم
در میان موجهای سرکش طوفان عمر
قایق بی ناخدائیم و به دریا ماندهایم
[ڕۆژگارێك ڕۆی و وا ئێمە بەتەنیا ماینەوە
بێ کەس و بێ لانە، وەك کوندێك لە سەحرا ماینەوە
ڕاست لەنێو مەوج و شەپۆلی توندی تۆفانی تەمەن،
بووینە پاپۆڕ و بەبێ خاوەن لە دەریا ماینەوە]

کە لێرانەشدا وشەگەلی وەک «تەنیا» و «بێکەس» و «کوند» و «صەحرا» و «شەپۆل» و «تۆفان» و پاپۆڕی بێ پاپۆڕەوانی نێو بەحر دەبنە دەستەچیلەی ئاگرە شیعرەکەی و خەمە گەورەکەی وە دەردەخەن و شاعیر بێکەس و تەنیا، وەک کۆتەی سەر ئاو لەسەر شەپۆلی دەریای دوورەدەستی ئاواتەکانی ئاوا دەناڵێت:

اه از اغاز هستی تا به انجام وجود
«در فریب وعدهء امروز و فردا ماندهایم»
[هەر لە دەسپێکی ژیان تاکو سەرئەنجامی وجود،
هەر فریوخواردووی بەڵێنی دوێکە ــ ئەمڕۆ ماینەوە]

ئەمە هاواری ٤٩ ساڵ لەمەوبەری ئەو شاعیرەیە، ئەو کاتە کە من ٣ ساڵم تەمەن بوو، کاتێ کە ساڵی ١٣٦٧ واتە پاش سی ساڵ لە تەمەنی شاعیری ئەو تێپەڕ دەبوو وەک دوو شاعیری بۆکانی پێکەوە دانیشتین. جگە لەوەی «وەفا» بووبووە پایتەختنشین و لە باری ژیانی دونیایی هیچی کەم نەبوو، کاتێ باسی دەردەکانی نێو شیعرەکانی دەهاتە ئاراوە هەر لەم فریوی وادەی ئەمڕۆ و سبەینێ دڵ پڕ بوو، ئەمجار بە کوردیش دەیناڵاند، ناڵەی شاعیرێکی دوورەوەتەنیش، دوور لە کوێستانی کوردەواری، دوور لە بۆکان و حەوزەگەورە، دوور لە

چیای ناڵەشکێنە، بەڵام هەر بە یادی وڵات گوێ بە ئاوازەکانی حەسەن زیرەک شیعری دەگوت و چاوەڕێی دواڕۆژی ڕووناکی گەلەکەی بوو. جا بۆیە «شەوبۆ»ی دەکردە ڕەمزی ئەوینەکەی و وەفای خەتخۆش و شاعیر ئاوای دەهۆندەوە:

**لە دووری تۆ دڵم شێواوە شەوبۆ!**

**بەبێ ئاگر لەشم برژاوە شەوبۆ!**

**لەوی ڕۆژێوە دیمی بۆ هەوەڵجار،**

**نە ئیمانم نە دینم ماوە شەوبۆ!**

بەڵێ ئەم دڵە ئازیزە ئەم دەنگەشیعرییە ڕەسەنەی فارسی و کوردی ئەم ئاشنای هەموو دەرد و ئاشنایێ لەنێوماندا ڕۆیی و حەقمە بڵێم بە ڕۆینی ئەو «وەفا»ش لەم وڵاتە کۆچی کرد، چونکە ئەو نموونەی وەفاداری بوو و چوو لە مەرگیشدا لە پەنای مامۆستای گەورەی شیعری موکریان؛ مامۆستا «حەقیقی»دا خاک لە ئامێزیان بگرێت.

ئەو خۆشەویستە لە ڕێککەوتی ١٣٧٣/٥/١٧ [١٩٩٤/٨/٨]دا نامەیەکی ڕازاوەی لە تارانەوە بۆ من ناردبوو کە دوو شیعری تێدا بوو، پێم حەیف بوو نەیخەمە بەر چاوی خوێنەرانی خۆشەویستی ئەم گۆڤارە گرانسەنگە، کە یەکەم دوو بەیتی بەم جۆرەیە:

**بە بۆنەی تۆوە بۆنی دێ هەڵاڵە**

**بە بۆنی تۆوەیە بۆن خۆشە ژاڵە**

**بە بۆنەی تۆوە بۆن دارە گەزیزە**

**بەبێ بۆنت هەموو بوونێ بەتاڵە**

کە هەر ئەم دوو بەیتە کافییە کلاسی شیعری و ڕادەی هەستی پاکی لە شیعری وەزنداردا بخاتە ڕوو ئەوا لە دوایین بەشی نووسراوەکەمدا شیعرەکەی دیکەشی کە بۆ منی ناردبوو و پێموایە لە هیچ کوێی دیکەدا نیەتی بە خەتی خۆی بۆتان دەنێرم هیوادارم جێی ڕەزامەندی ئێوە ئازیز پێک بێنێت.

هەروەک دیارە شیعرەکەی پێشکەشی بە «ئەحمەدی شاملوو» کردووە.

ئیدی هەموو لایەک بە خودا دەسپێرم.

ئاسۆ، بۆکان

١٣٨٤/٩/٥ [٢٠٠٥/١١/٢٦]

**بە بۆنەی تۆوە بۆنی دێ هەڵاڵە**

**بە بوونی تۆوەیە بۆن خۆشە ژاڵە**

**بە بۆنەی تۆوە بۆن دارە گەزیزە**

**بەبێ بۆنت هەموو بۆنێ بەتاڵە**

سەعید گیان

نامە جوانەکەت وەک ئاوی گۆزەیەکی سوری سارد تونیەتی شکاندم بریا منیش وەک تۆ بەسەر وشە و واژەی کوردی دا زاڵ بوایەم و بم توانیایە ئەوەی لە دڵم دایە قەڵەمەکەم بی نوسێ و «هەڵبەت نەش ترسایەم» بەڵام کوێر بم چ نازانم و چم بۆ وەسەر یەک ناخرێ. شێعرە جوانەکانیشم هەرکامە دو سێ جار خوێندەوە پەککو شێعرەکانت چەند ڕێک و پێکن ئاسۆ!! یارەببی لە چاوی بەد بە دور بێ و قەڵەمەکەت هەر وا غەڕڕا بێ. شێعری «چاوەڕێ» لەوپەڕی جوانی دا بو ڕازاوە و تازە بوو بەڵام «پارکی نامۆ» شتێکی دی وەدەر دەخست شاکار بو شاکارێکی تایبەتی دەیان وشەی پڕ لە هەست لە بێشکەی «پارکی نامو»دا جۆلانەیان دەکرد «پارکی نامو» لەبەر دڵی من کەژاوەی ڕۆژ بو باڵەفرەی خەو بو ئەسپی هەتاو و گۆمی چاو بو دەنگی باز و زنەی ئاواز بو بانیژەی دەست و لوتکەی هەست بو باخچەی دڵ و شەقامی گوڵ بو مەکۆی تین بو ئاگری ژین بو، لێواولێو بو لە ئیحساسی ناسکی شاعیرانە. لە بون و بەرامی نانی تازە سەرڕێژ بو و عەتری خەرمانانی هاوینی هەڵدەوەری.

بەداخەوە هەموو ئێوارەیەکەی ژیانی من لە ئێوارێ کەی پارکی قەڵای حەسەن خانی تۆ دەچێ پڕە لە نامۆیی و دڵتەنگی هەروەکو هەمو ئێوارێکانی ئەم بە قوڕ گیراوە. ئەلعان کە ئەو نامەیە بۆ تۆ دەنوسم باڵای خۆر وردە وردە لە داوێنی کێو دەخزێ و دەنگی کوندەبوی شەو بە دزە دزە دەنیشێتە سەر دار و دیواری وڵات فرمێسکی خەم هەروەک هەمیشە لەسەر ڕومەتم قەتیسە ئاخر ئێرە وڵاتی خەمە سەرزەوینی وەرهەمە شەقامەکانی پڕن لە ماتەم کوچە و کۆڵانەکانی پڕن لە تەم. چرای ڕۆژ وەک مەززەق بە دەستی شەم شەمەکوێرەی شەوەوە دەخولێتەوە پێکەنینی گورگ کارژۆلەکانی ئەوین دەترسێنێ و پەنجەی دێوەزمەی ترس گەنجەی بە ئیحساسەکان دەتارێنێ جا بە قەولی تۆ:

ئەوەی شادی لەنێو ئەو خەڵکە لابرد و خەمی دانێ

بە نووکی خەنجەری تۆڵەی حەق ئەستێنی خودا داچێ

وە بە قەولی شاعیرێکی فارس

اسمانا دلم از اختر و ماه تو گرفت

افتاب دگری خواهم و ماه دگری

خۆشم دەوێی – وەفا – ١٣٧٣/٥/١٧

بۆ کاروان سالاری شێعری نۆی فارسی بۆ ئەحمەدی شاملوو

## تەنیا وشەیەك

گوتبوت: نامەوێ
ناوی چەنگیز بزانم
نەم دەویست ناوی
نادر فێر بم
ناوی «موحەمەدی خواجە» و
تەیمور
ئەو تاوانبارانە
ئەو خوێن خۆرانە


ئەمنیش: نامەوێ
ناوی «نیرۆن» بزانم
نەم دەویست ناوی
هێتلێر فێر بم
ناوی «ستالین» و
سەددام
ئەو جەللادانە
ئەو دڕندانە
ئەو خوێن مژانە
کە لە قولایی دڵەوە لەوان و
لەوانەی لەوان دەچن
بێزارم
گوتبوت: دەمەویست
ناوی کەسێك فێر بم
بەڵام فێر نەبوم
ئەمنیش: دەردە کەم
لە دەردی تۆ دەچێ گەورەم
ئەمنیش: لەمێژساڵە
لە وشەیەك دەگەڕێم
تەنیا «وشەیەك»
بەڵام
نای بینمەوە

وەفا

[وەرگێڕاوی کوردیی شیعرە فارسییەکان لەلایەن مەڵبەندەوە ئامادە کراوە.]

# شیعرە فارسییەکانی وەفا

## (بە وەرگێڕاوی کوردی دوو پارچەشیعرەوە)



**یۆنس ڕەزایی**

شیعری فارسی لەدوای بزووتنەوەی مەشرووتە، بە چەندین هۆی جیاواز چ لە باری ناوەڕۆک و چ لە باری فۆرم و شکڵەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەر هات. بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک مەشرووتە، بێشک، لە کۆمەڵگایەکدا دێتە ئاراوە کە ئەو کۆمەڵگایە بە هۆی چاوکراوەیی و فراوانتربوونی ئاسۆی بینین و تێگەیشتنیان، لە زۆر بواردا خوازیاری بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕە. لەو نێوەشدا هونەرمەندان لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانەن کە بە دەنگێکی دلێر نە تەنیا داوای ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەڵکو خۆشیان لە سازکردنی پێکهاتە و بیچمی تازە و نوێدا پێشەنگن و پەردەی باو لە ڕوخساری شتەکان لا دەدەن و پلانێکی نوێ بۆ بینین و باسی بابەتە پێوەندیدارەکان بە کاروباری خۆیان و کۆمەڵگاوە دادەڕێژن. شاعیرانی دوای سەردەمی مەشرووتە بە شێوەیەکی کارا ئاراستەی شیعریان لە فەزای وەهمی و دوور لە واقعەوە بەرەو ئاقاری کۆمەڵگا و هەناوی ڕووداوەکان پەلکێش کرد و بەو شێوەیە لە گۆڕینی ناوەڕۆکی شیعردا بە پشوویەکی نوێتر لە ڕابوردووەوە هاتنە مەیدان. دوای تێپەڕینی ماوەیەک و تاقیکردنەوەی زۆر ناوەڕۆک و واتای تازە لەنێو شاعیرانی ئەو سەردەمی وەک میرزادەی عیشقی لە شیعری «سێ تابلۆی مەریەم»دا و فەڕوخی یەزدی و شەمسی کەسمایی و... شاعیران و هونەرمەندان هەستیان بەوە کردبوو کە ناوەڕۆک و واتای تازە فۆرم و پێکهاتەیەکی تازەشی دەوێت و نیمایووشیج، بە ئاگاداری لەو قەڵشتە هەراوەی کەوتۆتە نێوان فۆرم و ناوەڕۆک و بە ئاگاداری لە ڕەوتی شیعری جیهانی، لە بواری فۆرم و پێکهاتەشەوە بە جەسارەتێکی هونەرمەندانەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە دی هێنا. واتە ئەو فۆرمە زاڵ و چەقبەستووانەی تا سەردەمی نیما شیعریان پێ دەنووسرا، لەلایەن نیماوە وەلانران و شیعری نیمایی کە لە یاسایەکی تایبەتی کێش ـ جیاواز لە یاساکانی عەرووزی پێشوو ـدا دەگونجا هاتە پانتایی شیعری فارسییەوە. یەکەم کاردانەوەکان لە ئاست گۆڕانکارییەکی ئاوا قووڵ و بنەڕەتی هەمیشە نەرێنی و ناهاودڵانەیە، چون بیری باو بەر لە وەرگرتن و پەرەگرتنی ئەو بیرە نوێیە دەگرێت. بەڵام بەردەوام هەن ئەو هونەرمەند و شاعیرانەی هەر چەشنە نوێکارییەکی بەجێ و بەبایەخ دەقۆزنەوە و پەرەی پێ دەدەن.

عومەری سوڵتانی وەک شاعیرێکی کوردی، فارسینووس، یەکێک لەو یەکەم کەسانەیە کە لە کوردستانی ئێران بە سنگێکی فراوانەوە لەگەڵ ئەزموونە نوێیەکەی نیمادا ڕووبەڕوو بۆتەوە و چێژی لێوەرگرتووە و خۆشی بەو شێوازە زمانی شیعری نوێی تاقی کردۆتەوە. ئەو وەک هەموو شاعیرانی قوتابیی نیما لە دەیەی سی (٣٠) هەتاویدا، واتە زیاتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر، بە فرێدانی واتا سواوەکانی شیعری لە شیعری فارسیدا، هەوڵی بنیاتنانی ئەزموونێکی نوێی بۆ پەروەردەکردنی واتای تازە و کەرەسەی نوێ لە شیعردا داوە. ئەگەر شاعیرانی هاوسەردەمی ئەوان لە شیعری عەرووزی زیاترین کەڵکەڵەیان لاساییکردنەوەی شاعیرانی شێوازی خۆراسانی و عیراقی بووە و ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بە واتای قەسیدەکانی «ئەنوەری» و سەنایی و غەزەلەکانی سەعدی و حافز و... ئاخنراوە، ئەوا شاعیرانی قوتابیی نیما هەوڵی کەڵکوەرگرتن لە بابەتی نوێ و نەگوتراویان داوە.

شێوەی دابڕانی ئەم شاعیرانەش هەروەک خودی نیما لە شیعری پێشوو، دابڕانێکی یەکجارەکەی نەبووە، بەڵکو هەمووان سەرەتا بە تاقیکردنەوەی قاڵبەکانی وەک غەزەل و چوارینە و دووبەیتی و... توانای خۆیان لەو بوارەدا نواندووە و هەوڵیانداوە ئەو قاڵبانە دەکاربێنن، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی تازەتر و داهێنەرانەتر لە شاعیرانی «خولی گەڕانەوە»ی شیعری فارسی.

«وەفا» لە شیعری «کوندەبوو»دا بە سەرنجدانە حاڵ و باڵی بەندییەک کە هەر خۆیەتی، لەگەڵ خاوەن بەندیخانە دەدوێ و بەو شێوەیە بە خستنەڕووی دوو چەشنە بەندیخانەی واقیعی و بەندیخانەی هەراوی هەستی، باس لە چەشنێکی دیکەی ڕوانین بۆ زوڵم و چەوساندنەوە و بەندیخانە و جەزرەبەکانی مرۆڤ لە پانتایی هەستیدا دەکا. بەو شێوەیەش، بە زەقکردنەوەی دوو وێنەی جیاواز لە مرۆڤ لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە، ڕوانینی خاوەن بەندیخانە کە دەتوانێت هێمای هەموو دیاردەکانی زوڵم و چەوساندنەوە بێت، دەداتە بەر تیری توانج و ڕەخنە و تێی دەگەیێنێ کە بۆ ناسینی مرۆڤ پێویستە چاویلکەی پێش گریمانەکان وە لا بنێت. چون مرۆڤی بەندکراو وەک مرۆڤێکی ئەویندار و پاک خۆی پێ مەلی ئەویندار و خۆشخوانی نێو ئەویندارانە و خاوەن بەندیخانە بەپێی ئەو ڕوانینە ناڕاست و ئاوێتەی پێش گریمانەیەی کە هەیەتی، بە «کوندەبوو»ی دەزانێ و دەبینێ. بەڵام قاڵبی ئەو شیعرەی وەفا وەک زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەم کە نوێکاریی خۆیان لە قاڵبی دووبەیتیی نوێدا دادەڕشت، دووبەیتییە.

**کۆندەکوێر**

*هۆ خاوەنی بەندیخانە*
*دەست هەڵگرە لە ئازارم*
*بەندیخانەت تەمەنمی لە پەنجە لێڵەکانیدا ژاکاند*
*زنجیر و کۆتی کۆیلەییم لە پێ کەوە*
*کە زنجیرت*
*وە گیانی هێناوە هەناوی هێورم*

*دەست هەڵگرە لە ئازارم*
*کە لە بەندیخانەی هەراوی هەستیدا*
*جگە لە ژانی دڵداری نەمچەشتووە*
*لەنێو هەڵاڵە و بەیبووندا*
*جگە لە پنچکی دڕوو*

هیچم بە نسیب نەبووە
بە پێکەنینی دزێوت
چیتر چکۆلەم مەکەوە
کە من لە پەنجەکانی مۆتەکەی زۆردا
بەندکراوم
من کە سەردەمانێک
پۆڕی کۆڕی عاشقان بووم
ئێستاکە هەزار مخابن
لە چاوانی ڕەشبینتدا
کوندێکی کوێری بزێوم...
حەیف و جەخار
جگە لە زایەڵەی ناڵەی تاڵی مەرگ
لەو بەندیخانەیدا نابیسرێ
بەستە و مەقامی ژیانەوە
لەو گۆڕە ڕەشەدا ... بەڵێ
کە هەزار ئاواتی تێدا نێژراوە
ترووسکەی هەسارەیەکی پیرۆز بە دی ناکرێ
(سروودی پەرەستوو، ل٤١، وەرگێڕانی ئازاد و بەدەستکارییەوە)

جگە لە ناوەڕۆکی نوێی ئەو شیعرە کە باس لە بابەتێک دەکات پێش خۆی کەمتر باس کراوە، ناوی خودی شیعرەکەش ناوێکی نوێ و پڕبەپێستە و وەبیرهێنەرەوەری ناوی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی سادقی هیدایەتە. واتە، وەفا، بە تیرێک چەند نیشانی پێکاوە. یەکەم ئەو پێوەندییە تۆکمەیەی کە لەنێوان ناوەڕۆکی شیعری و ناوی شیعرەکەیدا هەیە، دەخاتە ڕوو. چون بەندییەک کە کۆت و بەندی کۆیلەیی لە ملدایە و زنجیر لەپێیە و لە چاڵێکی ڕەشدایە، چەندە لە تەنیایی کوندەبوو نزیکە. دووەم. ئەوەی کە نایەوێت بڵێت ئەو بەندییە کوندەبووێکە کە ئیتر بە تاریکی ڕاهاتووە و ئەوینداریشێتی، بەڵکو دەڵێت ئەوە لە گۆشەنیگای خاوەنی بەندیخانەوەیە کە ئەو لە کوند دەچێت، ئەگینا ئەو لە دواکۆپلەی شیعرەکەیدا هاوار دەکات "حەیف و جەخار، ترووسکەی هەسارەیەکی پیرۆز بە دی ناکرێ".
ئەگەر ناوی ئەم شیعرەش ئیرجاع بدەین بۆ دەرەوەی ئەو دەقە، هەروەک پێشتر گوتمان دەگەینە کوندەبووی هیدایەت کە لەو سەردەمەوە تا ئێستاش یەکێک لە بەرزترین چیرۆکەکانی فارسییە. بەڵام گرنگیی ئەو ئاوڕدانەوەیە لەوەدایە کە وەفا لە سەردەمێکدا ئەو کارە دەکات کە زۆربەی بە ناو مامۆستایانی کلاسیکی فارس کوندەبووی هیدایەت و خودی هیدایەتیشیان دابووە بەر تیر و توانجی ناهونەری. ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە عومەری سوڵتانی ئاگای لە بزاڤە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی بووە و نە تەنیا ئاگای لێیان بووە، بەڵکو شوێنیشی لێ وەرگرتوون، هەم لە نیمای بەدیهێنەری شیعری نوێی فارسی و هەم لە هیدایەتی داهێنەر. وەفا بۆ خۆشی دان بەو شوێنوەرگرتن و ناسیارییەیدا دەنێت. ئەوا لە شیعری کوندەبوودا، ناوی شیعرەکەی بە قەرز لە هیدایەت وەرگرتووە و لە فۆرمدا چاوی لە نیما کردووە و تەنانەت ڕەنگە بتوانین بڵێین تەنیا شاعیرێکی کوردە هەر لە سەردەمی مەرگی نیمادا، جگە لەوەی ئاگا لە کار و شیعری نیما بووە، بەڵکو مەرگی نیما دەیهەژێنێت و شینیشی بۆ دەگێڕێت و لە شیعری «مەرگی مەسیحا»دا هاوار دەکات: "دۆستەکانم با بێدەنگ بن/هاوارێک دێ/هەواڵی مەرگی نیمایە..."
بەڵام کاری گرنگتری وەفا هەر ڕاست ئەو شیعرانەن کە بە شێوازی نیمایی نووسیونی. لەو شیعرانەدا بەوردی یاسا و ڕێساکانی شیعری نیمایی ڕەچاو دەکات و تەنانەت لە شێوەی وێنەسازی و تەکنیکی شیعریشدا نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ شاعیرانی سەرەتای ئەو ڕەوتە هەیە. شیعر بە کێشێکی عەرووزی بەڵام پچڕ پچڕ دەچێتە پێش، وێنەکان تەعبیر لە فەزاگەلێکی نوێ و نائاشنا بۆ خوێنەر دەکەن و بەتایبەت بۆ خوێنەری ئەو دەم، دەتوانین بڵێین لە ئاشنایی سڕینەوەدا توانای خۆی نواندووە. شیعرەکانی «گەڕان»، «بەسەرهاتی نیوەڕۆ»، «پاشەکەوت»، «چیت دەوێ» و «دوورەدەست» لەو شیعرانەن. ئەگەرچی دەتوانین بڵێین ئەو شیعرانەش هەموویان یەکدەست نین، بەڵام وەک یەکەم ئەزموونەکانی شاعیرێکی نوێخواز جێگەی سەرنج و لێوردبوونەوەن. لەکۆتاییدا دەتوانم بڵێم عومەری سوڵتانی وەک کوردێک کە نزیک بە شەش دەیە لەمەوبەر شیعری فارسی نووسیوە و پەنجا ساڵ لەمەوپێش کتێبی «سروودی پەڕەسێلکە»ی بە چاپ گەیاندووە، هەر ئەودەم مرخی شاعیرانە و توانای خۆی پێشانداوە، بەتایبەت گرنگ ئەوەیە کە بەئاگادارییەوە ڕەگەڵ بزاڤی نوێخوازی شیعری فارسی کەوتووە. بەڵام مخابن ئەو کتێبە یەکەمین و دواهەمین بەرهەمی بووە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نووسین و گوتن لەسەر شیعری ئەو دژوار بێت. چونکە ئێستا باس لە شیعری شاعیرێک دەکەین کە دوای ئەو کتێبە، کە پەنجا ساڵ لەمەوپێش چاپی کردووە، بە دەیان شێواز و بە هەزاران فۆرمی تازەی شیعری بینیوە و خوێندۆتەوە. ئایا وەفا دوای «سروودی پەڕەسێلکە» هەنگاوی بەرەوپێشی بۆ دووربوونەوە لەو یەکەم ئەزموونانەی خۆی لە بەستێنی شیعری فارسیدا هەڵگرتووە! ئەگەر هەنگاوی نابێت، ئەوا جێی خۆشحاڵییە و ئەگەر نا، ئەوا دەبێت بڵێین مخابن بۆ وزەیەکی داهێنەر کە تەنگوچەڵەمەی هەستی لە شیعری دوورخستەوە و هەنگاوی پێ شل کردووە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش دەبێت چاوەڕوانی بڵاوبوونەوەی باقیی بەرهەمەکانی وەفا بین، تا بزانین لە سروودی پەڕەسێلکەدا تا کوێ فڕیوە.

**سروودی پەڕەسێلکە**

هەر ئێستاکەش کڵە پڕ تینەکەی ڕۆژ
بزە دەڕژێتە سەر هەر بەرد و دارێک
هەر ئێستاش دەنگی گەرمی مەل دەبیسرێ
لەسەر دوندی لقی سوورەچنارێک

بەڵێ ئێستاش لە لەرزەی باڵی کۆتر
دڵی عاشق دەلەرزێ ڕام و ئارام
شەرابی شەونمی ڕۆژی بەهاری
دڵۆپەی دێ لە بەژنی سەوزی بادام

بەڵێ ئێستاش لە کانیی مانگەشەوڕا
دەچۆڕێتە چەمەن هێدی تەڵای قاڵ
غووری پڕ گڕی فانووسی پەروین
لەگەڵ ناخی شەوی تار بوو بە هاوماڵ

هەر ئێستاکەش لە فرمێسکی بەهاران
گوڵی خاشخاشی لاو سووریان لە بەردا
لەسەر گۆمیلکەکان سەرمەست و شەیدا
پەڕەسێلکە هەوای عەشقیان لە سەردا

بەڵێ وا ئاسکی جوان کاتی بەیانی
بەرەو زەنوێر و دەشت و دەر سڵی کرد
بەڵێ وا بۆنی دووری نەرگسی مەست
لە کەللەی ڕێبواراندا گوڵی کرد

لە بانی بەربەیانی مەڕمەڕین ڕا
هەر ئێستاش تیشکی ڕۆژ دەڕژێتە خوارێ
لە شیعری پڕ لە هەستی دڵبزێوم
هومێدی سەوزی دوا ڕۆژ دادەبارێ

دەرودەشت شەو لە بادەی پڕ بەرامە
سەری گەرمە بە پیاڵەی جوانی شەوبۆ
پەڕەسێلکەش بە دەنگی لێڵ و گەرمی
حەریری گوێی شەوی کردوە قەڵاچۆ

(سروودی پەرەستوو، ل٧٣، وەرگێڕانی ئازاد و بە دەستکارییەکی کەمەوە)

زستانی ١٣٨٤

# وەفا

## سولەیمان فەرشی

گەڕانەوەم مەیی، لەنێو حەساری چارەنووس
بە خۆم نییە کە هەر دەڵێم، پسا ڕەگی حەسانەوم
ئەتۆ دەڵێی پەژارەیە، کە بوو بە چەتری سەر دڵم
ئەوە چ بوو کە هەڵفڕی، لە جێژووانی هەوەڵم

پاییز! بۆ وا دەکەی لەو دڵە پەرەوازبووە، لە خۆشەویستیی ولاتەکەم؟!
باوەش باوەش بە فرمێسکی چاوەکانم گەڵا دەشۆمەوە و مزگێنی بەهاریان دەدەمێ!
بۆ بەو هەورە ڕەشانەت ناڵێی لاچن لەسەر شەو و ئەستێرەکان!
بۆ بەرۆکی حەسانەوەت لێ گرتووم، بۆ ناهێڵی شین بم هەتا بەهار دادێ؟

بەبێ بارانی و وشکەساڵی ڕاهاتووم! وشەکانی شاعیرانی ولاتەکەم دەبنە باران، سەر و پرچی هەموو دارەکان دەشۆنە.
بۆ لێم ناگەڕێی بحەسێمەوە لە جێژووانی ئەستێرەکان؟!

لاسکە گەنمەکانی موکریان خۆر چاک دەناسن و پێی ڕاهاتوون، من پێم خۆشە ئەستێرەکانی وا دێنە باوەشی خاکەوە،
حەریری ئالای ولاتەکەم بەسەر شانیانەوە بێ، پێم خۆشە ئەستێرە بن لەسەر سینگی ناڵەشکێنە!
ئەرێ ناڵەشکێنە چەند ساڵی دی بەرگەی ئەو هەموو خەمە دەگری؟
بۆ گڕ ناگری بە تیشکی ئاگری ئەو هەموو شەمە؟
بۆ نابی بە هەزاران کۆتر و برۆی بەرەو پیری ئاسمان؟
تاکەنگێ بە چاوەڕوانیی کوژانی ئەستێرەکان دەڕوانی؟!

چوومە سەر هەر دەریایەک،
باسی دەریای دڵی تۆم کرد، کە چۆن هەزاران ئەستێرە بە خێو دەکەی بەتەنیایی!

تۆ پێت وایە بەتەنیا ماویەتەوە؟!
ئەی ئەوە نییە بە کۆڵمەوەی، بۆ هەموو شوێنێک دەتگێڕم!
وشەکانم پێیان خۆشە، هەموو ڕۆژێک بە ئاوی حەوزەگەورە ڕوومەتیان بتەزێ،
لە داوێنی ناڵەشکێنە شین بن!
وەرن بە پەپوولە بڵێن ببێتە شیعر و هەڵفڕێ، بە باڵی ئارەزوو بڵێن پەردەی بێدەنگی دادڕێ.
دەڵێم لە شارێک نزیک ببمەوە، کە ئەستێرە بەخێو دەکا،
کوا پێم دەکرێ باری خەمی شارێک و ولاتێک بەتەنیا هەڵگرم؟!
بەبێ بارانی و وشکەساڵی ڕاهاتووم،
بەبێ وەفایی و بێدەنگی ڕانەهاتووم،
کوا پێم دەکرێ بەبێ «وەفا» بژیم؟!

١ی سەرماوەزی ساڵی ٢٧٠٥
کۆڵن ــ ئەڵمانیا

# بۆ مامۆستام «وەفا»

## میدیا

ئەی مەلی خۆشناوی وەفا
ئەی هومای بەختی ئاسمانم...
چ نوقمێ بوو ئەم پاپۆڕەی لەشی تۆ
لە دەریای هیوای مە.
سەرم سووڕماوە چلۆن باوەڕ
بە ئازاری فڕینی ئەبەدییت بکەم.
ئەی بلوێری خامۆش
کێوەکان مات و بێ دەنگی تۆن.
«تۆلەکە» و «بێژنگ بەسەر»
«ناڵەشکێن» و «کەڵتەگە» و «کێوەڕەش».
ئەی مەلی خۆشناوی وەفا
ئەی چاوی بینایی شار
زۆرمان بیستووە دەرحەق بە بوونی ڕابوونت
ئەو کاتەی نەمامی بیروڕات سەری هەڵدا.
کەوئاسا هەستا دەنگت
لە کۆڵانی کۆنی حەوزەگەورە
لە کۆخە پڕ گەنجەکەی «میرزا عەبلا»
تیشکی بەیانێکی نوێ بوو دەنگت
لە ڕۆژهەڵاتی دواکەوتووی زەمان و زەین و
لە دوای لەشی شەکەتی شیعر و شۆڕشی بیستوچوار
ئەی مەلی خۆشناوی وەفا
پەڕ بە پەڕی ئەمڕۆی ئێرە
واڵایە لە سۆمای چاوی تۆ.
دەزانێ هێشووی بەری ئەم باخە ڕەزە
لە هەوای هەناسەی تۆوە
بەری هێناوە.
بە ئەسرینی شەونخوونی زۆر شەوانی
شارت
زارۆی کازێوە ڕابوو لە خەو.
ئەو شەوانەی شاریان لە خەو کرد
بۆ پاساوی ماڵەوماڵ سەربەستی خۆیان.
ئەو شەوانەی تەمی ترسیان
وەکو چارشێوێکی نەگبەت
بەسەر شاردا سەپاند.
ئەو شەوانەی بێدادیان دامەزراند و سێدارەیان هەڵبەست.
چەکی قەڵەمت ڕانەوەستا
چەکی دەنگت،
بێ دەنگ نەبوو
شانی هیممەتت دایە بەر
بۆ خانووی نوێی دوارۆژی شیعر و ژیان
«پەرەسێلکەت» ڕەوانەی باخچە کرد
ئەی مەلی خۆشناوی وەفا
کوا چاوی هەست و هۆشم
بڕوا بکا
بە خامۆشیی تۆ...
بڕوا بکا
بە خامۆشیی تۆ...

٢٠٠٥/١١/٢٦

# پێم خۆشە خەمت بمێنێ



## فایق سوڵتانی

چ تاڵ و دڵتەزێن بوو دیتنت

لە دوایین دیدار

نەمدەزانی لە کام سووچەوە بێمە سەیری چاوت

– چاوی بە فرمێسکی هەناو ویشک هەڵگەڕاوت

وشەی سەوزوسوورم دەدیت بە خەیاڵتدا دەگەڕان

بێ ئەوەی دەرەتانی دەربڕینیان هەبێت

ئەو ئەندامە لاوازە بێ«وەفا»یە بەندیخانەی هەست بوو،

بەڵام شعوور نا، هەرگیز!

لە قفڵی زمانتدا هەزاران وشەی بەندیکراوم دەدیت

کە دوای چرکەیەک دەمردن.

گەرچی تۆ ڕۆیشتی لەنێومان

پێم خۆشە خەمت وەک شیعرت بمێنێ لامان

خەمێکی شیرین

وەفاگیان

# هونەر سەلیم: «ژاك شیراك»یش ناتوانێت فیلمێك بەسەر فێستیڤاڵی كاندا فەرز بكات!

دیمانە: **مەڵبەند**

- **تووریشمان لێدەكەنە سیاسەت!**
- **لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، ئێستاش ژن بە منداڵ تێدەگەن!**
- **هەر شتێك هەستم بجووڵێنێت، دەیكەم بە فیلم!**
- **فێستیڤاڵی (كان) سەر بە لقی پارتی یا مەڵبەندی یەكێتی نییە!**
- **كە "بەلجیم" ڕۆڵی گێڕا لە گەورەیی تواناكەی دەستم ماچ كرد!**

کاتێک برادەرانی گۆڤاری (مەڵبەند) داوایان لێکردم دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سینەماکاری گەورەی کورد هونەر سەلیم ساز بکەم، نازانم بۆچی لێی دوودڵ بووم. من پێشتر ناوی کاک هونەرم لەنێو میدیای کوردی و عەرەبیدا زۆر بیستبوو کە چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی لە بواری سینەمادا بۆ کورد بەدەستهێنا، هەر بۆیە چەند جارێک بە هەر بیانوویەک بێت خۆم دوادەخست و، تەنانەت چەند جارێکیش بۆم ڕێککەوت لەگەڵی دانیشم، بەڵام بە بەهانەی سەرقاڵی و بوارنەبوونم لە سازدانی دیدارەکە ڕامدەکرد. ئەو هەموو هێن و مینەش تەنیا لەبەر یەک شت بوو کە نیگەرانی دەکردم، ئەویش داوای برادەرانی مەڵبەند بوو کە دەیانویست دیدارەکەمان لانی کەم لە بیست لاپەرە کەمتر نەبێت. هەر چەندی بیرم دەکردەوە نەمدەزانی چۆن چۆنی ئەو بیست لاپەرەیە پڕ دەکرێتەوە و چ پرسیارێک چ مەوزووعێک ئەوەندە هەڵدەگرێت بیست لاپەڕەی بۆ پڕ بکەمەوە. بەڵام کە دیدارەکەم سازدا و کاسێتێکی گرتەوە، زۆر خەفەتم خوارد کە دوو کاسێتی تری یەدەگم پێ نەبوو، تا لەگەڵ ئەو گەورە هونەرمەندە کوردەدا درێژە بەو دیدارە بدەم کە بەدرێژایی تەمەنی ڕۆژنامەوانیم یەکێکە لەو دیدارە زۆر دەگمەنانەی تا وەستانی قەڵەمەکەم شانازی پێوە بکەم. تەنانەت لە کۆتایی دیدارەکەشماندا لە ئاستی گەورەیی ئەو هونەرمەندە بەرزە، بەتایبەتیش ئەو داهێنانە گەورانەی لە بواری سینەما بۆ بەرزکردنی باڵای کورد چەندین خەڵاتی بە دەست هێنا کڕنووشم بۆ برد و دوو ماچیشم لە ڕوومەتی کرد. کاتێ کە کاتی دیدارەکەمان دەستنیشان کرد لەسەر سەفەر بوو بۆ فرەنسا، بۆ مونتاژکردنی دوافیلمی کە تازە دەستی لە دوایین دیمەنی هەڵگرتبوو، وامزانی بەدەم حازرکردنی جانتاکانەوە قسە دەکەین، بەڵام وەکو عادەتی خۆی لەسەر مێزی عەرەق لەگەڵ چەند هاورێیەکی دانیشتبوو کە هەر هەموویان ئەکتەر و کاراکتەری فیلمەکەی



هونەر سەلیم

بوون، تەنانەت لەسەر مێزی خواردنەوەشدا هونەر بەشێک لە وەختەکەی خۆی دەداتە سینەماکەی، بە کورتی هونەر لەناو سینەمادا تا قوڕقوراگەی خنکاوە. بەدەم نۆشینی عارەقەوە هونەرم دواند، ئەمەش دەقی دیدارەکەمانە:

*پ: ئێستا سەرقاڵی فیلمێکی تازەی، دەکرێت وەکو سەرەتایەک باسێکیمان بۆ بکەیت، چیرۆکی یا سیناریۆکەی باس لە چی دەکات؟*

و: ڕەنگە بڕوا نەکەن ئەگەر بڵێم هیچ فیلمێکی من سیناریۆی پێشوەختیان نییە.

*پ: هەڵبەت بڕوا ناکەین فیلمێک بەبێ سیناریۆ بێتە کایەوە.*

و: بەڵی وایە، بەڵام من ناتوانم باسی بکەم بەبێ ئەوەی شووشەیەک عەرەقی کوردی نەخۆمەوە. ئەو کاتە دەتوانم بڵێم چییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم ئێستا بڵێم کە فیلمەکەم ناوی دەهۆڵە. تیایدا باسی مرۆڤی کورد دەکەم. تۆش کە دەڵێی توور هیچ سیاسەتی تێدا نییە، بەڵام بڵێی (تووری کوردی) یەکسەر دەبێتە سیاسەت. جا ئەگەر شتەکە وابێت، ئێمە لەو فیلمەدا باسی سیاسەت دەکەین.

*پ: بۆچی دەبێت هەموو شتێکی کورد بەند بێت بە سیاسەتەوە، خۆ کوردیش وەکو میللەتانی تری دونیا زۆر شتی غەیرەسیاسی هەیە، جوانی و سروشت و هونەر و کولتوور و دەیان هەزار شتی تری ئەم دونیایە کە دەکرێن لە فیلمێکدا بەرجەستە بکرێن؟*

و: وەڵامەکە زۆر ئاسانە، چونکە کورد دەوڵەتی نییە، چونکە نکوڵی لە بوونی مرۆڤی کورد و نکوڵی لە نەتەوەیەک دەکرێت، کەرامەت و کەسایەتیی تایبەتمەندی کورد پێشێل دەکرێت، هەر کەسێک کە دەڵێت حەزم لە تووری کوردییە یەکسەر دەبەسترێتەوە بە شەڕ و ڕاپەڕینەکان و داخوازییەکانی میللەتی کورد. ئەمە ژێردەستیی میللەتەکەمان دروستی کردووە، ئەگەر دەوڵەتمان هەبێت کە دەڵێی تووری کوردی خەڵک هەر بە توور تێی دەگەن. بەڵام کە تۆ بێ دەوڵەتیت، توورەکەت تێکەڵی داخوازیی نەتەوایەتیت دەبێت. لە دیاربەکر یا ئورفەی کوردستانی تورکیادا بڵێی ئەوە بیبەری کوردییە تێکەڵی سیاسەتی دەکەن. بەڵام کە دەڵێی بیبەری تورکی مەسەلەکە ئاساییە، چونکە ئەوان موشکیلەی سیاسییان نییە. ئەمە هەر توور و بیبەری کوردی نییە کە کێشەی سیاسی

**"باسی ئەو دوو عاشقە دەکەم کە نەریتە دواکەوتووەکان یا ژێردەستی نایەڵێن بەیەکەوە دانیشن و یەکتر ماچ بکەن یا بگەن بە ئاوات."**

هەیە، بەڵکو پیازی کوردیش موشکیلەی سیاسی هەیە، باڵندە و دار و بەرد و ڕووبار و کەرەوزیش موشکیلەی سیاسی هەیە، بەڵام من باسی کەرەوز دەکەم.
واتە کەرەوزە کوردییەکە، ئەویش هەرچەندە وەکو هەموو کەرەوزی دونیایە، بەڵام جیاوازییەکان تەنیا ئەوەیە لە هەندێ شوێندا باران کەمتر لێی دەدات، یا خۆری کەمتری بەر دەکەوێت و لایەکی دەسووتێت. جا من لەو فیلمەدا کە کوردی عیراق و کوردی تورکیا و ئیرانیشی تیایە، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کێشەی کورد پێش ئەوەی

*دراوە، تەوەری زۆربەی ئەو فیلمانە باسکردنی موعاناتی کورد بووە بە دەست ڕژێمی بەعسەوە، باسی شەڕ یا ئەنفال یا کیمیاباران یا زوڵم و زۆرداریی ئەو ڕژێمە، بە واتایەکی تر ڕژێمی بەعس بوونی لەناو هەموو ئەو فیلمانەدا هەبووە، ئەوەی لە تۆ دەیبیستین کە تەوەرەکەت گۆڕیوە بۆ مرۆڤ، شتێکی تازەیە؟*
و: با شتێکت پێ بڵێم، جەنگی دووەمی جیهان شەست ساڵە تەواو بووە، ئێستاش هیتلەر لەناو هەموو ڕۆمانێک و شیعرێک و نووسینێکی جوولەکاکاندا هەیە.

*چۆن ئەو دیمەنانە بەیەکترییەوە دەبەسترێن و دەبنە پرۆژەی فیلمێکی کوردی؟*
و: خۆی سەرەداوێک هەیە ئەوانە هەموو بەیەکەوە دەبەستێت، ئەگەر نا نابنە فیلم و چیرۆک.

*پ: باشە تۆ پێتوایە بینەر لەو شتانەی تۆ هەمووی تێبگات.*
و: ئەگەر تێبگات یا نەگات کێشەی من نییە، من پەیامێکم هەیە هیوادارم بینەر لێم تێبگات، بەڵام کە تێیناگات ئەوە موشکیلەی خۆیەتی.







کچەئەکتەری کورد: بەلجیم

مەسەلەیەکی سیاسی بێت، مەسەلەیەکی ئەخلاقییە. لەو بۆتەیەدا دەمەوێت مرۆڤ ئیهانەی مرۆڤ نەکات، مرۆڤ ئازاد بژێت، ئەو قسانەشم سیاسەت نییە، چونکە من نەموتوە سوسیالیزم یا کاپیتالیزمم دەوێت، یا خوا نەکا ڕژێمێکی دواکەوتووی ئایینیم دەوێت، من دەڵیم نابێت زوڵم لە هیچ مرۆڤێک بکرێت، نە لە کورد و نە لە یابانی و نە لە ئوستralیایش، بۆ من ئەمانە مەسائیلی ئەخلاقیین.

*پ: مەبەستت لە کۆکردنەوەی ئەو هەموو کوردەی ناوچەکانی تر لە یەک فیلمدا چی بووە، ئایا ویستووتە تەعبیر لە موعاناتی کوردی هەر چوارپارچەکە بکەیت، یا مەسەلەکە پەیوەستە بە هەڵبژاردنی ئەکتەری سینەمایی بۆ فیلمەکەت؟*
و: ئیدی لێرە کاری من دەوەستێت، با بینەر بڕیاری لەسەر بدات.

*پ: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت تا ئاستێک شتێکی تازەیە، چونکە کاروانی هونەری کوردی لە سەد ساڵی ڕابردوودا، بە تایبەتیش لە بواری سینەمادا کە لەم چەند ساڵەی دواییەدا چەندین هەوڵی تازەی بۆ*


*پ: کەواتە تۆ دەتەوێت ئێمەش تا چەند سەدەیەکی تر ئەسیری ئەو مەسەلەیە بین؟*
و: من بەشبەحاڵی خۆم ئەسیری هیچ شتێک نابم، من ئازادییەکی ڕەهام هەیە، بەڵام هەموو مرۆڤێک چ سینەماکار چ شێوەکار یا مۆسیقاژەن بێت، هەندێک شت هەیە دەیخەنێن یا دەیگریێنن یا هەستی دەجووڵێنن، منیش چونکە مرۆڤی کورد لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە بێت لە خەڵکانی تر باشتر دەناسم، ژیانی ڕابردوو و ئێستای دەمخەنێنن، دەمگریێنن مافی خۆمە باسیان بکەم. من بە پرۆگرام کار ناکەم، من پیاوێکی بەرنامەڕێژ و پلاندانەر نیم، من مرۆڤێکی سادەی بەسۆز و ڕوحانیم، چ شتێک هەستم بجووڵێنێت باسی دەکەم و بە فیلم تەعبیری لێ دەکەم. جا لە عیشقەوە یا لە ئیرۆتیزمەوە بێت باسیان دەکەم، باسی ئەو دوو عاشقە دەکەم کە نەریتە دواکەوتووەکان یا ژێردەستی نایەڵێن بەیەکەوە دانیشن و یەکتر ماچ بکەن یا بگەن بە ئاوات.

*پ: کەواتە تۆ چەند دیمەنێک لەناو ئەو کۆمەڵگایە هەڵدەبژێریت کە وەکو خۆت وتەنی ئەوانەی هەستت دەجووڵێنن، بەڵام*

*پ: دوای ئەوەی چەند فیلمێکی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا هاتنە چێکردن، چی ئەوەی تۆ و چی ئەوانەی کاک بەهمەنی قوبادی، کە سنووری چەندین فێستیڤاڵی نێونەتەوەییان بەزاند و خەڵاتی باشیشیان وەرگرت کە دەکرێت وەکو تەکانێک یا شۆڕشێکی تازەی بواری سینەمای کوردی لە قەڵەم بدرێت، تۆ پێتوایە ئەم فیلمانە بناغەیەک بۆ سەنعەتی سینەما لە کوردستاندا دابنێن؟*
و: نەخێر هێشتا ئەو شتە دروست نەبووە، ئێستا ئێمە خەریکین کوڕ و کچێک بە یەکتر دەناسێنین، بە هیوای ئەوەی شوو بە یەکتر بکەن و منداڵێک دروست بکەن.

*پ: بەڵام ئەو کارە ئاسان نییە، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمەدا گەیشتن بەو جۆرە ئاواتانە ڕەنجێکی زۆری دەوێت، ئەویش ئەگەر بیگەینێ؟*
و: بەڵی وایە، ژیان زەحمەتە و تەمەنیش کورتە، بەڵام من مرۆڤێکی گەشبینم، هەوڵ دەدەم ئەو شتەی هەستم دەجووڵێنێت تا کۆتایی ژیانم باسی بکەم. من حەز لە خۆشی بۆ هەموو کەسێک دەکەم، حەز لە دەوڵەمەندیی فیکری و لە کۆمەڵگەیەکی





کچەئەکتەری کورد: بەلجیم

مەدەنی و ئازادی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکەم، ڕقم لە توندوتیژی و دەمارگرژییە، حەز لە زوڵم و زۆرداریی پیاو ناکەم دەرهەق بە ژن، ئیدی ئەو تەمەنەی من کە کۆچەرێکم لەسەر ئەم ئەرزە هەتا پێم بکرێت باسی ئەم شتانە دەکەم. ئەگەر نەبمە گوڵ، نامەوێت ببمە دڕکیش.

*پ: کە باس لە کۆچەری سەر ئەرز و تەمەنی سنووردار دەکەیت، قسەکانت مۆرکی سۆفیگەرێتییان پێوەیە، دیارە تۆ باوەڕت بە مەسائیلی ئایینیش هەیە؟*
و: من مرۆڤێکی عەلمانیم و بەرگریش لە عەلمانیەت دەکەم تا سەر ئێسقان.

*پ: باسی کەرەوزی کوردیت کرد، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەو فیلمانەی تۆ و کاک بەهمەن کە خەڵاتی جیهانییان وەرگرتووە، هۆیەکەی ئەوە نییە کە کەرەوزەکەتان کوردی بووە، بە واتا لەبەر ئەوە نەبووە کە فیلمەکانی ئێوە کوردی بووە و بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی ئێستای کورد ئەو خەڵاتانەیان پێ درابێت؟*
و: نەخێر، کورد دەبێت لە هەستی خۆبەکەمزانی دەرباز بێت، ئێمەش شتی گەورەمان پێ دەکرێت، فەرموو با خەڵکی تر بتوانن بچنە نێو فێستیڤاڵێکی وەکو فێستیڤاڵی کان، خۆ فێستیڤاڵی کانیش سەر بە لقی چواری پارتیی دیموکراتی کوردستان یا مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نییە، ئەو فێستیڤاڵە لەژێر کاریگەری هیچ حکوومەتێکیشدا نییە، ئەو فێستیڤاڵە ئەگەر لە هەولێر بووایە و خەڵاتی وەرگرتبا، ئەوە دەکرا خەڵک بڵێت هونەر سەلیم برادەری سامی شۆرشە و پێکەوە عەرەقیان خواردووەتەوە، بۆیە ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە. لە ئەوروپا. بەتایبەتی لە بواری هونەریدا، هەندێ پێوەری تایبەتی هەیە. فێستیڤاڵی کان فێستیڤاڵێکی نێونەتەوەییە، هونەرمەندی هەموو دونیا بەشداری تێدا دەکەن، خۆ ئەگەر مەسەلەکەش لەبەر ئەوە بێت کە من کوردم بۆیە ئەو خەڵاتەم وەرگرتووە، ئەو کات بەعەکسەوە هەست بە شانازییش دەکەم کە کوردم ئەو خەڵاتەم وەرگرتووە، مانای وایە کورد ئەوەندە بە هێزە لە جیهانی دەرەوەدا بتوانێت بەرامبەر ئەو هەموو کۆمپانیا زلانەی سینەمای دونیا بوەستێت و خۆی فەرز بکات بەسەر فێسیتڤاڵەکانەوە. بەڵام بەداخەوە وانییە.

*پ: پرسیارەکەم لەوەوە سەرچاوەی گرت، ئەگەر بیرت بێت ماوەیەک پێش ئێستا عیراق لە یارییەکانی تۆپی پێی ئۆڵەمپیاددا بەشداری کرد و نەتیجەی باشی هێنا، هەندێ کەس بەتایبەتیش نێوەندی عەرەبی باسیان لەوە دەکرد گوایە لەبەر زروفی سیاسیی ئێستای عیراق دوای ڕووخانی سەدام خاتروخۆتری لە یارییەکاندا بووە؟*
و: شارەزاییم لەسەر ئاستی وەرزش لە کوردستان و عیراقدا نییە، بۆیە ناتوانم قسەیان لەبارەوە بکەم، بەڵام ئەوەی من بیزانم لە ئۆلەمپیاددا هەموو دەوڵەتێک مافی هەیە بەشداری تێدا بکات، بەڵام فێستیڤاڵی کان وجودی دەوڵەتی تێدا نییە، فیلم هەڵدەبژێردرێت، هیچ دەوڵەتێک هونەرمەند نانێرێت، لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن هەیە لە دونیادا دەگەڕێت و چەند لقێکیان هەیە بۆ فیلمەکانی ئاسیا، یا ئەوروپا، یا ئەمریکا، ئەو لیژنانە سەیری فیلمەکان دەکەن و لە ساڵێکدا ٣٦٥ ڕۆژ ئەوە کاریانە، ئەمانە هەموویان پسپۆڕن لە بواری سینەمادا، سەیری زیاتر لە ٣ هەزار فیلم دەکەن لە سەرجەم وڵاتانی دونیادا، لەو ژمارە زۆرەش سەد فیلم هەڵدەبژێرن، ئیدی ئەو سەدەش دەبێتە پەنجا و دواتر دەبێتە بیست فیلم. هەندێ فیلم بودجەکەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە و قازانجی گەیشتۆتە یەک ملیار دۆلار وەکو تایتانیک، ئەو فیلمانە دەیانەوێت بێنە ناو فێستیڤاڵی کانەوە، بەڵام تا لیژنەکە بڕیار نەدات ناتوانن بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا بکەن. چونکە ئەو فیلمانە لایەنی هونەرییان تێدا نییە، یاخود شتێکی تازەی تێدا نییە، کولتوری کوردی لە بواری سینەمادا تەنیا بینینی فیلمی هیندی و میسری بووە، میسر بەدرێژایی مێژووی سینەمایی خۆی نەیتوانیوە بگاتە ناو فێستیڤاڵی کان. ئێمە هەر بە پێوانەی سەیرکردنی فیلمی هیندی و میسری سەیری کارەکانی خۆشمان دەکەین، من فیلمی میسری دروست ناکەم، من فیلمی سەیارەتێکشکاندن و شەڕەدەمانچە، واتە فیلمی ئەکشن، دروست ناکەم. هەندێ جار گەڕان بە دوای کارێکی ساکاردا زۆر زەحمەتە، لەویش زەحمەتتر ئەوەیە لەو کارە ساکارانەدا شاکارێک دروست بکەیت، ئەگەر لەو ساکارییەدا ئیلهامێک یا داهێنانێک یا شتێکی تازە دروست بکەیت، کەواتە تۆ خوڵقێنەری، ئێستا هەموو کەسێک دەتوانێت فیلمی ئەکشن و دەعمی ئۆتۆمبێل و شەڕەبۆکسێن و ڕفاندنی فڕۆکە دروست بکات، بەڵام فێستیڤاڵی کان پێوانەی خۆی هەیە کە ئەو شتانە قبووڵ ناکات. بە هەر حاڵ کوردی فەقیر دونیای نەدیوە، بە حوکمی ئەو زیندانە گەورەیەی ڕژێمی بەعس بۆمانی دانابوو، بۆیە ئاگامان لە ڕەوشی هونەر و ئەدەبیاتی دونیا نەبووە. ئەگەر حوسنی موبارەک خودی خۆی واستە بکات بەڵکو فیلمێکی میسری لە فێستیڤاڵی کان وەربگیرێت، گرەوت لەگەڵ دەکەم ناتوانێت لە بچووکترین بەشی ئەو فێستیڤاڵە وەربگیرێت، ئەو کەسانەی فیلم هەڵدەبژێرن لە وڵاتی ئازاد و کۆمەڵگەی مەدەنی دەژین، وڵاتی ئازادیش بە مرۆڤی ئازاد دروست دەبێت، جاک شیراک خۆی ناتوانێت فیلمێک بەسەر فێستیڤاڵی کاندا بسەپێنێت.

*پ: ئێمە زانیارییمان لەسەر فێستیڤاڵی کان هەیە و دەزانین لە فێستیڤاڵی ئۆسکاریش لەپێشترە، بەتایبەتی کە*

*فێستیڤاڵی کان زیاتر دەچێتە ناو کرۆکی بابەتی هونەری و ڕۆشنبیریی فیلمەکانەوە، بە پێچەوانەی ئۆسکار کە گوێ ناداتە ئەو بوارانە و تەنانەت زۆربەی فیلمەکانیشی ئەکشنن، تۆ کە ئێستا سنووری کانت بەزاندووە، پێتوایە لە ئاییندەشدا کورد بتوانێت لەو فێستیڤاڵەدا حزووری هەبێت، واتا لە کوردستان ئەو ئیمکانیاتە هەیە کورد بەردەوام فیلمی وا بەپێز و بەتوانای هونەری پێشکەش بکات.*

و: من حەز لە مرۆڤی خۆهەڵکێش ناکەم، بەڵام تۆ وەکو ڕۆژنامەوانێک پرسیارم لێ دەکەیت ئەگەر بەشەرمیشەوە بێت دەبێت وەڵامت بدەمەوە، من یەکەم فیلمم کە لە ساڵی ١٩٩٦دا دروست کرد لە فێستیڤاڵێکدا بەشداریم کرد خەڵاتی یەکەمی باشترین فیلمی ئەوروپایی وەرگرت، ئەو فیلمەم لەسەر ئەوروپا حسێب کرا. ئەو فیلمە کۆمیدی بوو بە ناوی بژی بووک.. بۆ ڕزگاری کوردستان. لە هەمان فێستیڤاڵیشدا خەڵاتی باشترین فیلم بە ڕای رەخنەگرانی سینەمایی وەرگرت، جگە لە چەندین خەڵاتی تر. فیلمی ڤۆدگا لیمۆن لە فێستیڤاڵی ڤینیسیا باشترین خەڵاتی وەرگرت کە ئەویش فێستیڤاڵێکە بە قەد کان گرنگە. بە هەرحاڵ من بەلامەوە زۆر گرنگ نییە خەڵک چۆن بیر دەکاتەوە، ئەو بەشدارییبوونانەم بە هەقی خۆم دەزانێت یا پێیوایە کەسێکم لە پشت بێت، ئەوە کێشەی من نییە، ئەگەرچی هەندێ جار ئەو جۆرە قسانەش لە ساویلکەیی خەڵک یا لە بێئاگابوونیان لە دونیای هونەری و سینەمایی دەرەوە، یا نەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی جیهانەوە سەرچاوە دەگرێت، دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت وەکو وتم ئێمە لە زیندانێکی گەورەدا بووین و دونیامان نەدیبوو، ئێستا وا خەریکە پەنجەرەیەک لەو زیندانە دەکرێتەوە، هەڵبەت ئەو پەنجەرەیە هێشتا لەسەر چیمەنتۆیە، جارێ لە ڕووی کولتووریشەوە زۆرمان ماوە.

*پ: باس لە کرانەوەی پەنجەرەیەک لە زیندانە گەورەکە دەکەیت، بەڵام تۆ پێتوایە سەرەڕای کرانەوەی ئەو پەنجەرەیە ئیمکانیاتێکی وا لە کوردستاندا هەبێت بە هەمان ئەو ئاستە بەرزەوە سینەماکاری کورد بتوانی بەردەوام لەو جۆرە فیلمانە بێنیتە بەرهەم؟*

و: من ئەگەر مرۆڤێکی کورد نەبم، ئەگەر خۆشەویستییەک نەبێت بۆ ئەم خاکە، بۆ من ئاسانترە لە فەرەنسا یا لە هەر وڵاتێکی ئەوروپایی فیلم دروست بکەم. لەوێ زۆر زۆر ئاسانترە، من هەندێ جار موغامەرە بە خۆم و فیلمەکانم دەکەم تاکو بتوانم لێرە شتێک بکەم. لەبیریشمان نەچێت کە من ژیانی فیلمسازییم لە ئەوروپا دەست پێ کردووە و لە کۆی شەش فیلم چواریانم لە ئەوروپا بووە، هەردەمیش لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمەکانی ئەوروپادا ئاسانکاریم بۆ کراوە. لە کوردستان بۆ هونەرمەند یا ئەدیبێک یا شێوەکارێک پێموایە شتی ڕۆحی زۆر گرنگە، منیش پیاوێکی وام کە گەورەترین دەسەڵاتی مرۆڤ بەلای منەوە ئەوەیە کە ئەو شتەی تۆ دەتەوێت بیکەیت، من خۆم ئەو چانسەم هەیە، بۆیە حەزم لێیە هەمیشە و هەموودەم لەو کوردستانەدا بم، منیش وەکو ملیۆنەها کەسی ئەم وڵاتە دەیان و سەدان یادەوەری و ئێش و ئازار و خۆشیی ئەم وڵاتەم چەشتووە، هەندێ جار ڕقیشم لە مرۆڤانی ئەو وڵاتە بووە. بۆیە بۆ من ئەوە ماتۆڕێکی گەورەیە کە ڕوحم دەجووڵێنێت، من لەگەڵ ئەوەشدا بیرتەسک نیم، پێموایە دونیا گەورەیە و تەنیا کوردستانی تێدا نییە، شوێنی تریش هەیە خۆشە و پیاو دەتوانێت لێی بحەسێتەوە و بیر بکاتەوە یا کار بکات. من دەتوانم سبەی لە ئەفریقا فیلم دروست بکەم هەروا لە ڕووسیاش، من لە ئەرمینیا و فرەنسا و هۆڵەندا و ئەملا و ئەولا فیلمم دروست کردووە، دروستکردنی فیلمیش، جا لە هەر جێگایەک بێت، ئەرکێکی قورسە، لە ئەوروپا کاتێک لەناو شەقامێکدا بتەوێت دیمەنێک وێنە بگریت، دەبێت مانگێک پێشتر ئیجازە وەربگریت، ئەگەر بتەوێت ئاخر دەقیقە بچیتە شەقامێکی تر ناتوانیت، ئەمە شتێکی قۆڕە، بەڵام ئەوروپاییەکان پرۆفیشناڵ ئیش دەکەن، ئەوەی ئەوان بە سەعاتێک دەیکەن بەقەد شەش سەعاتی کاری کوردێکە، بەڵام لە کوردستان خەڵک حەزی لە ئیش نییە یاخود نایەوێت ئیش بکات، بەڵام ئازادییەکی ڕەها هەیە، دەڵێم ئەو شەقامەم بە دڵ نییە هیچ ڕێگرێک نییە بچیتە شەقامێکی تر، هەڵبەت ئەگەر بابەتی فیلمەکەت کوردی بێت باشترین جێگا کوردستانە بۆ کردنی بە فیلم، لە فلیمی یەکەم کە ناوی بژی بۆ کوردستان بوو لە دیمەنێکدا پێویستیم بە ٣٠٠ ـ ٤٠٠ کەس بوو کە ڕەنگ و ڕوویان لە کورد بچێت، بەڵام زۆر زۆر زەحمەت بوو ئەو ژمارە خەڵکە بدۆزمەوە. لێرە هیچ کێشەم نییە، بەهەرحاڵ هەر شوێنێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لێرە هەندێ شت باشە، لە ئەوروپاش هەندێکی تر.

*پ: هەست دەکەین خەمێکی کوردستانی هێشتا لەنێو دڵ و دەروونی تۆدا بوونی هەیە و لە فیلمەکانتدا تەعبیری لێ دەکەیت، ئەوەی کاک بەهمەن قوبادیش پێشکەشی دەکات هەمان بابەتی خەم و پرسی کوردە، ئەوە دەبینێ هەر سینەماکارێکی کوردی هاوبەشی هەمان ئەو خەمە کوردییانە بێت، بە واتا تا کەی ئێوەی هونەرمەندی دوورەوڵات هەمیشە گیرۆدەی ئەو خەمە دەبن؟*

و: ڕەنگە خەمە هاوبەشەکانم لەگەڵ کاک بەهمەنی قوبادیدا ڕێکەوت بێت، بەڵام دونیای ئازاد ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوان و دەوڵەمەند دەکات، مرۆڤ لە دەرەوەدا شارەزای ئەزموونی گەلانی دونیا دەبێت، ئازادی زۆر گرنگە بۆ ئەو مرۆڤەی بیەوێت خۆی پێش بخات، ڕەنگە ئەو ئازادییەی لە ئەوروپا بینیم، بە خێری ئەو ئازادییە زیاتر لە موعاناتی کورد تێبگەم، کە مرۆڤی ئازادم بینی چەند شەرمم کرد کە سەیرم کرد دایکم بندەستە برام و دراوسێکانم بندەستن. کە چێژی ئازادیم کرد مومکین نییە جارێکی تر بێبەش بوونم لە ئازادی قبووڵ بکەم. لێرە لەبەر ئەوەی هەشتا ساڵە، واتە لەوەتەی ئەو موسیبەتە دروست بووە کە ناوی عێراقە، هەندە لە ئێمەیان داوە وامان لێهاتبوو بڵێین ئەوە قەدەری کوردە، بۆردومان بکرێین، کیمیاباران بکرێین، بڵێین ئەوە قەزاوقەدەرە خوا ویستوویەتی بەسەرماندا بیسەپێنیت، من خودا لە ئازادیدا دەبینم کە ئەویش دەڵێت دەبێت هەموو مرۆڤ وەکو یەک بژین و ئازاد بن، جا بۆ سینەماش لە ئاسۆی بیرکردنەوە و ناسینی ئەزموونی خەڵکانی تر سوودم وەرگرتووە.

*پ: ئەوە بۆ شتێکی ترم ڕادەکێشێت، تۆ باسی ئازادی دەکەیت و بێ منەتانەش دەڵێی من ئازادم چیم بوێت دەیکەم، پێتوایە هۆی دواکەوتنی هونەرمەندی کورد لە داهێنان لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا تەنیا مەسەلەی ئازادییەکە بێت، پێتوایە ئێستا ئەو ئازادییە لە کوردستاندا هەبێت کە نەبێتە ڕێگر لە بەردەم داهێنانی هونەرمەندانی تری ئەم وڵاتە؟*

و: پێموایە ئازادی لێرەش هەیە، بەڵام ئاسۆی بیرکردنەوە تەسکە، دەنا لە کوردستانی ئەمڕۆدا ئازادییەکی یەکجار گەورە و فراوان هەیە، بەڵام وەکو دەڵێن ڕۆما بە ڕۆژێک دروست نەکراوە، میللەتێکیش کە تا ڕاپەرین بە درێژایی تەمەنی ئازادی نەدیبوو، هیچی لە

**"زۆر کەس لەوانەی ئەخلاق دەفرۆشن چ بە ناوی ئایینەوە یا هەر ناوێکی ترەوە بێت، ئەوانە مونافقن. ئێمەش خۆمان هێشتا ئەو جورئەتەمان نییە ئازادی قبووڵ بکەین لەناو کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگەی مەدەنی مومکین نییە دیکتاتۆریەتی تیا دروست ببێت."**